**کۆپلەی پێنجەم:**

**بەرێنووسی ئاڤێستا:**



**بەزمانی ئاڤێستا و ڕێنووسی کوردی:**

١- ساخڤەنی ٢- ڤەزیەمنابیو ٣- کەئینێبیو ٤- مەرەئوومی ٥- خەشمەئیبیا ٦- چا٧- ڤەئدەمنو ٨- مەن ٩- چا ١٠- ئەیە ١١- مانزدەزدووم ١٢- ڤەئو دووم ١٣- دەئنابیش١٤- ئەبیەستا ١٥- ئەهووم ١٦- یە١٧- ڤەنگهەئوش١٨- مەنەنگها ١٩- ئەشا ٢٠- ڤە ٢١- ئەنیو ٢٢- ئائینیم ٢٣- ڤیڤەنگهەتوو ٢٤- تەت ٢٥- زی ٢٦- هەڤوئی ٢٧- هووشەنەم ٢٨- ئەنگهەت.

**واتای وشە بەوشە:** ١- ئەم قسانە ٢- مێرد دەکەن ٣- ئەو کچانە ٤- دەڵێم ٥- بەئێوەش ٦- وە ٧- ئامۆژگاری ٨- لەمێشکدا ٩- وە ١٠- بەڕاستی ١١- بهێڵنەوە ١٢- وەربگرن ١٣- لەناختاندا١٤- بەکاربەرن١٥- ژیان ١٦- پاک ١٧- لە ١٨- ئەندێشە ١٩- ڕاستی ٢٠- ئێوە٢١- هەر کام ٢٢- لەوی دیکە ٢٣- پێشبکەون ٢٤- ئەم ٢٥- بەڕاستی ٢٦- بۆ ئەو٢٧- ژیانی شادی ٢٨- دەبێت.

**واتای گشتی: [چیستا]:** ئەم قسانە بۆ ئێوەی لاو و بۆ ئەو کچانەش دەکەم کە دەیانەوێ هاوسەر هەڵبژێرن، ئامۆژگارییەکەم بەئەندێشەوە ببیسن و بەدروستی وەری بگرن و بەپێی دین و ئاوەزی خۆتان بەکاری بێنن: هەر کام لە ئێوە کە بۆ پێڕەویکردنی ڕاستی و پاکی پێش ئەوانی دیکە بکەوێت سوود و پاداشتێکی چاکی پێ دەگات.

**کۆپلەی شەشەم:**

**بەرێنووسی ئاڤێستا:**



**بەزمانی ئاڤێستا و ڕێنووسی کوردی:**

١- ئیتا ٢- ئەیە ٣- هەئیتیا ٤- نەرڤە ٥- ئەتا ٦- جەنەیو٧- دوورڤەجو ٨- هەچا ٩- ڕاتەموو ١٠- یەمە ١١- سپەشوتا ١٢- فرەئیدیم ١٣- دورڤەجو ١٤- ئایەسە ١٥- هوئیش ١٦- پیتا ١٧- تەنڤوو ١٨- پەدا ١٩- ڤەیوو ٢٠- بەرەدووبیو ٢١- دووش ٢٢- خڤەرەتەم ٢٣- نانسەت ٢٤- خڤاترەم ٢٥- درەگڤوو دەبیو ٢٦- دەجیت ٢٧- ئەرەتەئەئێبیو ٢٨- ئەنانیش ٢٩- ئا ٣٠- مەنهیم ٣١- ئەهووم ٣٢- مەرەنگدوویە.



**واتای وشە بەوشە:** ١- ئێرە ٢- بەڕاستی ٣- ڕاستەقینە ٤- پیاوەکان ٥- هەم ٦- ژنان ٧- درۆ ٨- وە ٩- خەڵەتێنەر ١٠- کە ١١- بەری بگرن ١٢- پەرە ١٣- درۆ ١٤- بەستراوەیی ١٥- خۆتان ١٦- بەربدەن ١٧- لەش ١٨- دوور ١٩- حەسرەت ٢٠- دەهێنێ ٢١- تاریک ٢٢- ڕووناکی ٢٣- بەدەست دێ ٢٤- شادی ٢٥- ئەو درۆ پەرستانە ٢٦- ویران بکەن ٢٧- ڕاستی ودروستی ٢٨- ئاوەها ٢٩- بەڕاستی ٣٠- مەعنەوی ٣١- ژیان ٣٢- نابووت دەکا.

**واتای گشتی:** ئەی ئافرەتان و ئەی پیاوان، ئاگاداربن کە درۆ لە ژیاندا شتێکی فریودەرە، لە پەرەسەندنی درۆ پێشگری بکەن و پێوەندیی خۆتانی لەگەڵ ببڕن. ئەو شادییەی کە لە تاریک و لێڵی خراپەکاریدا بەدەست دێت تەنیا هۆی خەم و حەسرەتە و بەم جۆرەش درۆپەرستانی وێرانکەر و تێکدەری ڕاستی ژیانی مەعنەویی خۆیان تێک دەشێوێنن و لەنێوی دەبەن.

**کۆپلەی حەوتەم:**

**بەرێنووسی ئاڤێستا:**



**بەزمانی ئاڤێستا و ڕێنووسی کوردی:**

١- ئەت ٢- چا ٣- ڤە ٤- میەژدەم ٥- ئەنگهەت ٦- ئەهیا ٧- مەگەهیا ٨- یەڤەت ٩- ئاژووش ١٠- زەرەزدیشتوو ١١- بوونوئی ١٢- هەختیاڤ ١٣- پەرە ١٤- چا ١٥- مەرەئوچانس ١٦- ئەئورا ١٧- چا ١٨- میترا ١٩- مەئینیووش ٢٠- درەگڤەتوو٢١- ئەناسەت ٢٢- پەرا ٢٣- ئیڤی زەیەتا ٢٤- مەگەم ٢٥- تەم ٢٦- ئەت ٢٧- ڤە ٢٨- ڤەیووئی ٢٩- ئەنگهەئەیتی ٣٠- ئەپەمەم ٣١- ڤەچو.

**واتای وشە بەوشە:** ١- ئاوا ٢- وە ٣- ئێوە ٤- پاداشت ٥- دەبێت ٦- ئەم ٧- ئایینی برایەتی ٨- مادام ٩- غیرەت ١٠- بەوەفاترین ١١- ڕیشەدار ١٢- نێوان ژن و مێرد ١٣- لەوێ ١٤- وە ١٥- بجووڵێن ١٦- لێرە ١٧- وە ١٨- خۆشەویستی ١٩- ڕۆح ٢٠- درۆ پەرست ٢١- دەست بدات ٢٢- دوور ٢٣- گەردەست بکێشن ٢٤- برایەتی ٢٥- ئەم ٢٦- ئەنجا ٢٧- ئێوە ٢٨- حەسرەت ٢٩- دەبێت ٣٠- سەرەنجام ٣١- قسە.

**واتای گشتی:** مادام دڵەکانتان پڕبن لە حەز و خۆشەویستی و پێکەوە (ژن و مێرد) بژین چ لە تەنگانەدا و چ لە خۆشیدا، پاداشتی ئایینی برایەتی دەگاتە لاتان. بەڵام ئەگەر ڕۆحی درۆ پەرست بەسەرتاندا زاڵ ببێت و لە تەبایی و خۆشەویستی دوور بکەونەوە سەرەنجام حەسرەت و درێغ دەبێتە

بەشتان.

**کۆپلەی هەشتەم:**

**بەرپێنووسی ئاڤێستا:**



**بەزمانی ئاڤێستا و رپێنووسی کوردی:**

١- ئەنائیش ٢- ئا ٣- دوژ ٤- ڤەرەش نەنگهو ٥- دەڤش نیا ٦- هەنتو ٧- زەخیا ٨- چا ٩- ڤیسپا ١٠- ڤەنگهوخەرەئوسەنتام ١١- ئویا ١٢- هڤە ١٣- خشەترائیش ١٤- جە ١٥- نەرام ١٦- خرونەرام ١٧- چا ١٨- رامام ١٩- چا ٢٠- ئائیش ٢١- دەداتوو ٢٢- شیەئیتێبیو ٢٣- ڤیژی بیو ٢٤- ئیرەتوو ٢٥- ئیش ٢٦- دڤەشوو٢٧- هەڤوو ٢٨- دەرەزا ٢٩- مەرەتیا ئووش ٣٠- مەزیشتوو ٣١- موشوو ٣٢- چا ٣٣- ئەستوو.

**واتای وشە بەوشە:** ١- بەم چەشنە ٢- بەراستی ٣- خراپ ٤- کرداران ٥- هەڵخەڵەتاو ٦- دەبن ٧- گاڵتە ٨- وە ٩- هەموو ١٠- سەرزەنشتی خۆیان ١١- دەکەن ١٢- چاک١٣- رێبەری ١٤- ژن ١٥- پیاو ١٦- کوشت و کوشتار ١٧- وە ١٨- لەگەڵ ١٩- وە٢٠- ئەمانە ٢١- بدرێ ٢٢- لەبنەماڵەدا ٢٣- لەگوندەکان ٢٤- هەڵکنرێت ٢٥- ئەم ٢٦- فریوکاری ٢٧- بەراستی ٢٨- زنجیر ٢٩- مەرگ هێنەر ٣٠- مەزنترین ٣١- بەزوویی ٣٢- وە ٣٣- بەرەو لامان.

**واتای گشتی:** بەم چەشنە بەدکاران فریو دەخۆن و دەبنە هۆی گاڵتەی هەمووان و تووشی سەرزەنشت دەبن بەڵام لە سایەی رێبەرایەتیی فەرمانڕەوای چاک و دادگەردا ئەمن و ئاسایشت دەگەڕێتەوە ناو ژن و پیاو و گوندەکان و بنەماڵەکان. دەبا فریوکاری هەڵکنرێت کە بەراستی کۆت و زنجیرێکی مەرگ هێنەرە، دەبا یەزدانی مەزن رووومان لێ بکات.

**کۆپلەی نۆیەم:**

**بەرپێنووسی ئاڤێستا:**



**بەزمانی ئاڤێستا و رپێنووسی کوردی:**

١- دۆژڤەرەنائیش ٢- ڤائەشو ٣- راستی ٤- تووئی ٥- نەرەپیش ٦- رەجیش ٧- ئەئەشاسا ٨- دەجیت ٩- ئەرەتا ١٠- پەشو ١١- تەنڤو ١٢- کەڤە ١٣- ئەشەڤا ١٤- ئەهوورو ١٥- یە ١٦- ئیش ١٧- جیاتەئووش ١٨- هەمی تیات ١٩- ڤەسە ئیتوئیش ٢٠- چا٢١- تەت ٢٢- مەزدا ٢٣- تەڤا ٢٤- خشەترەم ٢٥- یا ٢٦- ئەرەژەجیوئی



٢٧- داهی ٢٨- دریگە ئوڤە ٢٩- ڤەهیو.

**واتای وشە بەوشە:** ١- لەگەڵ بروا چەوتاندا ٢- نەفرەت ٣- دەکێشێ ٤- لەراستیدا ٥- بەسووکی ٦- بەرپێزان٧- ئەوان بەندەی هۆش ٨- سووکایەتی کاران ٩- راستەقینە ١٠- لەشەڕدایە ١١- نەفسیان ١٢- کێیە ١٣- داوێن پاکی ١٤- ئەهوورا ١٥- کە ١٦- بەوان ١٧- بەهێزی ژیان ١٨- دژایەتی دەکات ١٩- بەسەربەستی تەواو ٢٠- وە٢١- ئەو٢٢- مەزدا ٢٣- تۆیە٢٤- هێز٢٥- لە ٢٦- دروست دەژین ٢٧- دەبەخشی ٢٨- بەو دەروێشانەی ٢٩- باشترین.

**واتای گشتی:** ئەو کەسانەی کە بیر و بڕوایان چەوت و خراپە و بەندەی نەفسی خۆیانن و پشت لە راستی دەکەن رقیان لە پیاوچاک و داوێن پاکان دەبێتەوە و گاڵتە بەمرۆڤە بەرپێزەکان دەکەن، ئەوان تەنانەت لەگەڵ خۆشیاندا لە گێرە و کێشەدان. ئەو راستیخوازە داوێن پاکە کێیە کە بەئازاد ئەندێشی و لە دڵەوە بەربەرەکانێیان لەگەڵ بکات، ئەی مەزدا، تۆ بەهێز و دەسەڵاتی مەعنەویی خۆت ئەو دەروێشانە بەختەوەر دەکەیت کە بەراستی و دروستی دەژین[٩٨].

***

## ناونیشانی هەندێ شوێن و رێکخراوی زەردەشتی:

وەک لە پێشەکییەکەدا بەڵێنم دا، بۆ ئاشنابوونی زیاتری خوێنەران و هۆگرانی تامەزرۆی ناسین و دۆزینەوەی نیشانە و ئاسەوارەکانی مێژوو و کلتوور و شارستانییەتی دێرینی کورد بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ گەنجینەی هەرە بەنرخی ئاڤێستا و ئایینی پیرۆزی مەزدیەسنادا، بۆ دابینکردنی توانا و ئیمکانی پشکنین و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە داهاتوودا، لێرەدا ناو و ناونیشانی چەند ناوەند و رێکخراوێکی زەردەشتی دەنووسمەوە: (*)

* ئەنجومەنی زەردەشتییە ئێرانییەکانی بەمبەئی (هیندستان):
The Iranian zoroastrian anjuman –kermani building –sir phirozshah mehta road' fort، bombay 1– india tel; 2040401.

* ئەنجومەنی ئەکابری پارسییەکانی هیند – بەمبەئی، هیندستان:
the persian zoroastrian –omelioration fund، ucobank building –335–359 Dadabhai –noaroji Road –fort، bombay 1–India.

* ئەنجومەنی پارسیی پنچایت، بەمبەئی، هیندستان:
The bombay parsi punchayat' 209 Dr.D.N .Road bombiy 400001 –India tel: 267421–22–23.

* ئەنجومەنی ناوچەیی زەردەشتییەکانی هیند، نیودەلهی، هیندستان:
The federation of the parsi' zoroastrian anjumans of India c\omachine tools (India) Ltd .D–24،south Extension Part–ll –New Dehli– 110049–India–tel: 669551.

* ئەنجومەنی زەردەشتییەکانی کراچی، پاکستان:

Karachi parsi anjumon trust funds' parsi anjuman bagh –johar street ranchore lines' karachi pakistan tel: 730281.

* ئەنجومەنی زەردەشتییەکانی لەندەن، بەریتانیا:

The zoroastrian trust funds' of europe (Lnc.) zoroastrian House –88 compayne Gardens –London، Nw6. England –tel: 01–328–6018.

* ئەنجومەنی زەردەشتییەکانی هامبۆرگ:

Zarathustrischer verein' post fach 110721 –2000 Homburg ll– German.

* ئەنجومەنی زەردەشتییەکانی ئوستراليا، سیدنی:

Australian zoroastrian association aza house' 196 annangrove road' annongrove N.S.W.2154

* ئەنجومەنی زەردەشتییەکانی فەرەنسا:

Association zoroastriane de France' 40.Avenue de saxe–75007 Paris France.

* ئەنجومەنی زەردەشتییەکانی ئیتالیا:

Associazione culturaie Dell –Iran antica Membro Dell، Unione Zoroastrian in ltalia Largo Malpigri 17 –06100 perugia italy tel: 075–754472.

– ئەنجومەنی زەردەشتییان، نیویۆرک، ئەمریکا:

Zoroastrian Center New York –Arbab R .Give Darbe Mehre' 249 Weyman Ave. New Rochelle N.Y.10805 –U.S.A

– ئەنجومونی زەردەشتییان، واشینگتۆن، ئەمریکا:

Zoroastrian Association of Metropolitan –Washington،Inc .The fali chotia charitable trust –4639 Bettswood Drive، Olney .Marryland 20832 U.S.A' tel: 301–774–0841 301–774–1555.

– ئەنجومەنی زەردەشتییەکانی باکووری کالیفۆرنیا (سەن خوزە)، ئەمریکا:

Persian Zoroastrian Assocition –Dard Meher Rostam & Morvarid Guiv' 10468 Crothers Road، San jose، alifornia 95127 U.S.A' tel: (408)251– 7403.

– ئەنجومەنی ناوەندیی زەردەشتییەکانی کالیفۆرنیا، ئەمریکا:

California Zoroastrian Center –8952 Hazard Avenue Westminister CA 92683 U.S.A –tel: (818) 882– 1212 119.

– ئەنجومەنی زەردەشتییان، هەرێمی واشینگتۆن، ئەمریکا:

Zoroastrian Society of Washington –State Mra، Dabestani P.O .Box 969 –Marysville، WA 98270 U.S.A.

– ئەنجومەنی زەردەشتییانی تۆرنتۆ، کەنەدا:

Zoroastrian Society of Ontario –Mehraban Give Darbe Mehre –3590 Bayview Ave، Willowdale –toronto Ont، Canada– tel: 416 2220026.

– ئەنجومەنی زەردەشتییانی گۆبەک، کەنەدا:



Zoroastrian Association of Quebec –P.B.Box 35 –Station Beaconsfield، Quebec، Canada H9W5T6.

– ڕێکخراوەی جیهانیی مەزدیەسنان، ئەمریکا:

The International Mazdayasnan –Order– P.O.Box3387 –Eugene، Oregon 97403–U.S.A.

– ڕێکخراوەی مەزدیەسنان، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا:

The German Mazdayasnan –Neuzeitlich.Diat، und Lebenschule e.v.Kurstrasse4،3593 Edertal– Bringhausen Bad–Wildungen W.Germany tel: 05623/4025.

– ئەنجومەنی زەردەشتییانی تاران: شەقامی جمهووری – میرزا کووچک خان، کۆڵانی زەردەشتییان ژمارەی ٨ تەلیفۆن: ٦٧٧٧٤٠– ٦٧٤٣٦٩ فاکس: ٦٤٥٨١٢٧

– کتێبخانەی یەگانەگی، تاران شەقامی میرزا کوچک خان کۆڵانی زەردەشتییان، کۆڵانی شاڕۆخ تەلەفۆن: ٦٧٧٧٤٠

– دەرمانگای یەگانەگی، هەمان ناونیشان تەلەفۆن: ٦٧٦٧٥٠

– ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێرانی دێرین، هەمان ناونیشان تەلەفۆن: ٦٧٤٣٦٩

– کۆمەڵگەی دینی ڕۆشنبیریی مارکاری تاران پارس، تاران پارس فلکەی دووەم شەقامی جەشنوارە تەلەفۆن: ٧٧٣٤٣٦–٧٨٦٢٩٣١–٧٨٦٢٩٣٢

– سەنتەری خوێندکارانی زانکۆ/ زەردەشتی، تاران شەقامی میرزا کوچک خان کۆڵانی زەردەشتییان ژمارەی ٨ ژمارەی پۆستە:١١٣١٦ تەلەفۆن:٦٧٦٤١٩

– ڕێکخراوەی ئافرەتانی زەردەشتی، هەمان ناونیشان و هەمان تەلەفۆن.

– ئەنجومەنی مۆبەدانی تاران، تاران شەقامی فەلەستینی باکووری کۆڵانی حوجەت دوست ژمارەی ٥٣ ژمارەی پۆستە ١٤١٦٦ سندۆقی پۆستە ١٤٣٣٥/١٧٦

– ڕێکخراوەی فرەوەهرە (لاوانی زەردەشتی)، تاران چوار ڕیانی کالج کۆڵانی بامشاد ژمارەی ٧ تەلەفۆن: ٨٨٠٩٦٦٥

– ناوەندی بڵاوکردنەوەی فرەوەهرە، تاران شەقامی شۆڕش (انقلاب) شەقامی فەلەستینی باشوری تەلەفۆن: ٦٤٦٢٧٠٤

– ئەنجومەنی زەردەشتییانی شیراز، شیراز شەقامی کەریمخانی زەند نێوان شەقامی ئەنوەری و خەیام ژمارەی ٣٤٦ ژمارەی پۆستە ٧١٣٥٦ تەلەفۆن: ٣٣٧٨٥٦

– ئەنجومەنی زەردەشتییانی ئیسفەهان، شەقامی نەزەری باکووری کۆڵانی سیچان ژمارە ٢٧ تەلەفۆن: ٢٧٨٦٨٩

– ئەنجومەنی زەردەشتییانی زاهیدان، شەقامی ئازادی ژمارەی ٤٢ ژمارەی پۆستە ٩٨١٣٩ تەلەفۆن: ٢٤١٥٧

– ئەنجومەنی زەردەشتییانی یەزد، شەقامی کاشانی کۆڵانی ئاتەژگە ژمارەی ٣١ تەلەفۆن ٣٥٨٢٩

- ئەنجومەنی زەردەشتییانی ئەهواز، ئەمانیە شەقامی دز (دێز) ژمارەی ١٠٥ ژمارەی پۆستە ٦١٣٣٨ تەلەفۆن: ٣٦٣٥٠٦
- ئەنجومەنی زەردەشتییانی کرمان، شەقامی شوهەدا شەقامی برزوئامیغی کۆلانی پەرستگەی زەردەشتی تەلەفۆن ٢٢٦٦٨٦- ٢٣٦٦٨٦
- ئەنجومەنی زەردەشتییانی کەرەج، شارۆچکەی ڕەسالەت کۆتایی شەقامی ئۆقاقیا شەقامی نەیلوفەر خانەی دەوڵەت تەلەفۆن: ٣٢٤٠١
- دەفتەری زەردەشت، تونکابۆن شەقامی گولیجان تەلەفۆن: ٣٢٥٥

***



## فەرهەنگی وشە هاوبەشەکان

هەروەک لە پێشەکییەکەدا ئاماژەم پێ کرد، بەسەدان وشە لە ئاڤێستادا هەنە کە ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا بەکار دەبرێن و بەگشتیش زمانی کوردی بەهەموو بەشەکانییەوە پێوەندی و نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ زمانی ئاڤێستا (دین دەبیرە)دا هەیە و زۆرجار لێک جیا ناکرێنەوە. لێرەدا ئەو وشانەی کە لە دەقەکانی دین دەبیرە لە گاتاکاندا بەرچاوم کەوتوون و لەگەڵ زمانی کوردیدا یەک ڕیشە و بنەمایان هەیە دەنووسمەوە و بۆ ئەوەی خوێنەری کورد سوودی زۆرتریان لێ وەربگرێت وشەکان بەزمانی ئاڤێستا و پاشان فارسی و دواتر بەکوردی (کرمانجیی خواروو و هەورامی) دەنووسمەوە، دووبارەی دەکەمەوە کە ئەمە ئەو وشانەن کە تەنیا لە گاتاکاندا بەرچاوم کەوتوونە و دەبێ وەکو نموونەی مشتێک لە خەروار سەیر بکرێن، دەنا زمانی ئاڤێستا و کوردی (بەتایبەتی بەشە هەورامییەکەی) و فارسیش لە وشە و تەنانەت دارشتنی ڕستە و...یشدا پێوەندی و نزیکایەتیی لەوە زۆرتر و بەرچاوتریان هەیە و دەگەڕێنەوە سەر یەک بنەما و سەرچاوە. لێرەدا هەر بەئەوەندە واز دێنم کە بەشێک لە وشە هاوبەشەکانم خستبێتە بەر دیدەی خوێنەری هێژا و ئاواتی ئەوە دەخوازم کە لە ئایندەدا و پاش کۆتایی هێنانی ئەم پرۆژەیە و لە بەرهەمێکی جیاوازدا بتوانم بەتێروتەسەلی لە پێوەندی و نزیکایەتییە بنەڕەتییەکەی زمانی ئاڤێستا و کوردی بکۆڵمەوە و ئەم لایەنە بەتەواوی ساغ بکەمەوە.

***

| ئاڤێستا | فارسی | هەورامی | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| ئەئێڤە | یک | یوە/ یڤە | یەک |
| دڤە | دو | دوێ | دوو |
| تهری | سە | یەرێ | سێ |
| چەتوار | چهار | چوار | چوار |
| پەنجە | پنج | پەنج | پێنج |
| خشوەش | شش | شش | شەش |
| هەپتە | هفت | حۆت | حەوت/حەفت |
| ئەشتە | هشت | هەشت | هەشت |
| نەڤە | نە | نو | نۆ |
| دەسە | دە | دە | دە |
| زەستە | دست | دەس | دەست |
| دەئێنە | دین | دین | دین |
| گەئونە | گونە | جور/ گونا | جۆر/ کولّم |
| ئەماوەنت | زورمند | هەماوەند | بەهێز |
| نوئیت | نخیر/ نە | نا/ نە | نا/ نە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئیسه | اکنون | ئیسه | ئێستە |
| گەم | گام | هەنگام/ هەنگامە | هەنگاو |
| خرەتو | خرد | خیرەت | غیرەت |
| چیسرە | چهرە | چارە | چارە |
| دورە | دور | دوور | دوور |
| گاسا | گات | گازە | گازە/ گازندە |
| بەئوزە | بو | بوە/بەرامە | بۆن/ بەرامە |
| بەرەت | میبرد | بەرو | دەبات |
| پەرەتو | پل | پردی/ پردە | پرد |
| بەر | بردن | بەردەی/ بەرد | بردن |
| فرەئشتە | فرشتە | فریشتە/ فریشتێ | فریشتە |
| ئەورە | ابر | هەور/ هۆر | هەور |
| دەینگهو | دە | دەگا | دێ |
| رەئوخشنە | روشن | ڕوشن | ڕۆشن/ ڕووناک |
| سەرەتە | سرد | سەرد | سارد |
| زیا | زیان | زەرەر/ زیان | زیان/ زەرەر |
| ئوشترە | شتر | وشتر | حوشتر |
| شۆ | شدن/ رفتن | لوای/ شیای/ شۆ | چوون/ ڕۆیشتن |
| ژناسەر | شناسا | ژناسیا/ ئەژناس | ناسیاو |
| هەنەرە | هنر | هونەر/حنەر | هونەر |
| خوئەفنە | خواب | خاو/ وەرم | خەو |
| ئوروا | روان | روح/ ئەروا | ڕۆح |
| تەئورەیا | بالا (رفتن) | هوریای/ سەرەوکۆی | بەرەو ژوور |
| دەئیدی | بدهید | دەیدێ | بدەن |
| خەشیا | زور | خۆش | هێز |
| ڤەهیشتەم | بهشت | بەهەشت | بەهەشت |
| کامەم | کام | کام/ ئاوات | کام/ ئاوات |
| مەنی ئوەش | هوش | هۆش | هۆش |
| پەرەسەت | پرسش | پەرس/ پەرسا | پرسین |
| مرەوەت | گفت | وات/ واتش | گوتی |
| ئا | در/ آن | ئانا/ ئانە | لە/ ئەوە |
| کەرەدوشا | بکنیم | کەرمێش پەی | بۆی بکەین |
| مە/ ما | من | مو/ من/ مە | من |



| | | | |
|---|---|---|---|
| گەئوشە | گیتی/ دنیا | دنیا/ گوچ | گێتی/ دنیا |
| گەو/ گەئو | جان/ جاندار | گیان/ گیاندار | گیان/ گیاندار |
| ڤەچ | گفتن | واتەی/ واچ | گوتن |
| ڤەئەچە | بگو | واچە/ ڤاچە | بڵێ |
| ئێڤەچەت | میگوید | ماچو | دەڵێ |
| تەم | تو | تو/ تە | تۆ |
| گوشەتا | گوش | گۆش | گوێ |
| موئی | برای من | پەی من | بۆ من |
| ئێدە | اینجا | ئێگە/ ئێد | ئێرە |
| وەشتی | خوشی | وەشی | خۆشی |
| چەریکە | نغمە | چریکە | چریکە |
| وەسێمی | خواستم | واستم | خواستم |
| دەدەت | بدهد | بدۆ | بدات |
| ئەوەت | او/ آن | ئەو/ ئاد | ئەو/ ئەوە |
| ئەزەم | ما | ئەز/ ئێمە | ئێمە |
| دات | داد | دا/ داش | دای |
| داد/ دات | داد/ عدل | داد | داد |
| مەشا | میایند | مەیا/ مەشا | دێن |
| یا | وقتی | یا/ ئەوسا/ وەختێ | کاتێ |
| تەنوئێ | خودش تنها | تەنیا وێش | خۆی تەنیا |
| پەرا | گذشتە | پەرێ/ پەراوەرێ | پێرێ |
| ڤەچهی | گفتە | واتەی/ فچە | گوتن/ سرتە |
| شیڤەتنە | شیوە | شێوە | شێوە |
| وشیاتا | انتخاب | ورچنیەی | هەڵبژاردن |
| هەم | باهەم | وەهەم/ پێوە | پێکەوە |
| تووئی | تواست | تون/ تونی | تۆ/ تۆیە |
| خشەترەم | قدرت | خۆش | هێز |
| بەرەنا | برسان | بەرە/ یاونە | بگەیەنە |
| کەرە | بکن | کەرە | بکە |
| ئەشەخیا/ئیشەسا | کاشکی | ئەشیا | بریا |
| دروج | دروغ | درویێ | درۆ |
| ئاتەرە | ئاتش | ئایر/ ئاهێر | ئاگر |
| تەڤەهی/ تەڤە | توخودت | تو وێت | تۆ خۆت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەڤوو | او | ئەو/ ئاد/ هەو | ئەو |
| چینا | همراه | چەنی | لەگەڵ |
| فشوو | خودش | ویش | خۆی |
| یەترا | دیگری | یۆتەر | یەکێکی تر |
| پەرەسا | پرسیدن | پەرسای | پرسین |
| ڤەئینەهی | ببینی | وینی/ بوینی | ببینی |
| ژیۆتوم | زیستن | ژیوای | ژیان |
| ڤیسەم | روستا | وەیسە/ دەگا | گوند |
| مەرکە | مرگ/ مردن | مەرگ/ مەردەی | مەرگ/ مردن |
| سوخرا | روشن/ سرخ | رۆشن/ سوور | ڕووناک/ سوور |
| خڤەرەتات | خورشید | وەرەتاو | خۆرەتاو |
| دەئێنا | وجدان | دەین/ ویژدان | دەین/ ویژدان |
| خڤائیش | خودشان | وێشا | خۆیان |
| ئەئیریە | یاران/ دوستان | ئەیاران/ یاوەران | یاران |
| دەئێڤە | دیو | دێو/ دێوەزمە | دێو |
| بومیائو | زادبوم | زێدوبووم | زێدوبووم |
| زوشتا | دوست | دوس | دۆست |
| هڤەرە | نور | وەر | خۆر |
| فرە | زیاد | فرە | زۆر |
| نەڤەئیت | نمیدید | نەوینێ | نەیدەدیت |
| ڤەهیشت | خوب | وەش | باش |
| سرەئووش | سروش | سرووش | سرووش |
| دەرەگ | دراز | درێژ | درێژ |
| ئائیدوم | آمدید | ئامایدێ | هاتن |
| خڤەئێتا | خودتان | وێتا | خۆتان |
| هەنتی | هست | هەن | هەیە |
| میژدەم | میارزد/ مژده | مێژۆ/ مژدە | دێنێ/ موژدە |
| خشماڤەسوو | ماندشما | پێسەشمە | وەکو ئێوە |
| یەتا | تا | هەتا | هەتا |
| کووترا | کجاست | کون | کووا |
| دوئیر | دور | دوور | دوور |
| کەت | کدام | کامە | کام |
| فرەئوئوچا | بیشتربگو | فرە واچە | زۆرتر بڵێ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| یەنگە | آنجا | ئاگە/ چاگە | ئەوێ/ لەوێ |
| گەرەما | گرما | گەرما | گەرما |
| هەزە | توان | هازی | هێز |
| ئائەئیبیو | اینها | ئەئینێ | ئەمانە |
| ئاکائو | آشکار | ئاشکرا | ئاشکرا |
| ئیشە | آنها | ئادێ/ ئادیشا | ئەوان |
| دوئیدە/ دوگیدە | دختر | کناچی (دوێد، لوڕی) | کچ |
| جەنە | زن | ژەنی | ژن |
| کەنا | خانم | کنا | خاتوون/ کەنی |
| دووژ | بد/ مخالف | دژ/ دش | دژ |
| مەزیشتو | بزرگترین | گەورەتەرین | مەزنترین |
| ئەهی | هستی | هەنی | هەیت |
| کەهیا | کدام | کێها | کێها |
| فرەسەم | پرسیدم | پەرسام | پرسیم |
| خشما | شما | شمە | ئێوە |
| ڤاچی | گفتەشدە | وچیا/ واچیا | گوتراو |
| ڤەئوچە | بگو | واچە | بڵێ |
| ستەرەم | ستارە | هەسارە | ئەستێرە |
| ماڤەنگە | ماه | مانگە | مانگ |
| کە | کیست | کێن | کێیە |
| خوەفنەم | خواب | وەرم/ خاو | خەون |
| داتارەم | آفریننده | دادار | داهێنەر |
| پەر | پر | پەڕ | پڕ |
| سپاد | سپاه | سپا | سوپا |
| کوترا | کجا | کۆگە | کوێ |
| چیت نا | چگونە | چەنی | چۆن |
| گوشودۆم | گوش دهید | گۆش دەیدێ | گوێ بدەن |
| مرەوات | گفت | وات/ واتش | گوتی |
| ئەوویی | وای | وەی | وەی |
| وەرەزینتو | برزگر | وەرزیەر | وەرزێر |
| بەوەنتی | خواهندبود | با | دەبن |
| چەشمە | چشم | چەم/ چەمێ | چاو |
| براتا | برادر | برا | برا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پاته | پدر | تاته | بابه |
| کام | کدام | کام/ کامه | کام/ کامه |
| کەمنه | کم | کەم | کەم |
| خڤائیش | خویش | خوێش | خوێش |
| دەدەئەت | میدهد | مدۆ/ دەرۆ | دەدات |
| مینەش | مینشانی | منیەیش | دای دەنێی |
| ڤائورائیتا | دگرگونی | واڕیای/ فاڕیای | گۆڕان |
| نەزدیشتام | نزدیکترین | نزیکتەرین | نێزیکترین |
| گەته | برسد | یاوۆ | بگات |
| نامەئیش | نامشان | نامێشا | ناویان |
| تەنڤو | تن | تەن/ لاشه | تەن/ لەش |
| ئەئیزیه | اکنون | ئەئیسه | ئێسته |
| ئەئیپی | آب | ئاوی | ئاو |
| ئەئیرمیه | آرام | ئارام | ئارام |
| وەرەنت | باران | واران | باران |
| ئەسپه | آسپ | ئەسپ | ئەسپ |
| ئەئێسمه | هیزم | هیزمێ | دار |
| ئەئوسرەوەنه | جوراب | گورەوێ | گوێرەوی |
| ئەئووره | پایین | وار | خوار |
| نی ئائەز | نیاز | نیاز | نیاز |
| ڤەئێشه | آزار | ئیش | ئێش |
| خشتی | خوشی/ آشتی | وەشی/ ئاشتی | خۆشی/ ئاشتی |
| ئەژی | آژدها | ئەژدیها | ئەژدیها |
| ئەنگوشته | آنگشت | گلکە/ ئەنگوسته | قامک |
| ئانی | آن آندازه | ئاننە/ ئانده | ئەوەنده |
| ئەنومەیه | گوسفند | مەی/ مەیه | مەڕ |
| ئوپەره | جلوتر | ئەوپەڕ | ئەوپەڕ |
| ئەریزووره | آریز | ئارێز | ئارێز |
| ئەرێده | آورده | ئارده | هێنراو |
| ئەوەهیشتی | آشتی | ئاشتی | ئاشتی |
| ئەسمەن | اسمان | ئاسمان | ئاسمان |
| ئەسرو | اشک | هەرسی | ئەسرین/ فرمێسک |
| ئەشکەرێ | آشکار | ئاشکرا | ئاشکرا |



| | | | |
|---|---|---|---|
| پەئیریکه | پری | پەری/ پەریه | پەری |
| دانو | دانه | دانێ | دانە/ دان |
| ئازاته | آزاد | ئازاد | ئازاد |
| ئازاره | آزار | ئازاره | ئازار |
| ئافرینه | أفرین | ئافەرین | ئافەرین |
| ئاماته | أماده | ئاماده | ئاماده |
| ئائێ | أمدن | ئاماێ | هاتن |
| ئیزه | هیز | حیز/ حیزه | حیز |
| واوە/ وا | باد | وا | با |
| کەئینه | کینه | کینێ | کینه |
| کەئوفه | کوه | کۆ | کێو/ کێف |
| کەنیا | دختر | کناچێ | کچ/ کەنیشک |
| کەمەرا/ کمره | کمر | کەمەر | کەمەر |
| کەر/ کەره | کردن | کەردەی | کردن |
| کەرێنە/کەرە/کەرەپەن | کر | کەڕ | کەڕ |
| کەرێتی/ کەرێته | کارد | کاردی | چەقۆ |
| کوو/ کوه | کو/ کجا | کۆ/ کۆگە/ کۆن | کوێ/ کوا |
| کووسره | بەکجا | کۆره/ کۆسەره | بەرەو کوێ |
| کوش | کشتن | کوش/ کوشتەی | کوشتن |
| کرێتەر | کارگر | کرێکار | کرێکار |
| کرێما | کرم | کرمی | کرم |
| خوه | خود | وێ | خۆ |
| خڤەسووره | پدر زن | هەسووره | خەزووره |
| خواشا/ خورەته | خوردن | واردەی | خواردن |
| خەره | خر | هەر | کەر |
| خرەتومەت | خردمند | خیرەتمەند | خیرەتمەند |
| خشەپ | شب | شەو/ شەوێ | شەو |
| سەته | صد | سەد | سەت/ سەد |
| گەئوشاوەره | گوشواره | گۆشەواره | گواره |
| گەن | گندیده | گەنا | گەنیو |
| گەیه | جان | گیان | گیان |
| فره | زیاد/ بیش | فره | زۆر |
| گەرێمه | گرم | گەرم | گەرم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گەریۆ/ گێرێپێتە | گرفتن | گرتەی/ گێرتەی | گرتن |
| گرێزا | گریستن | گرەوای | گریان |
| چەکووشە | چکش | چەکوش | چەکوش |
| چەش | چشیدن | چەشە/ چەشتەی | چەشتن |
| چی | چرا | چی/ پەی چێشی | بۆچی |
| چیسنا | چگونە | چەیین/ چەنیسە | چۆن |
| چوەنت | چند | چند/ چندە | چەند |
| وەفرە | برف | وەروە/ وەفرە | بەفر |
| جەنگە | جنگ | جەنگ | شەڕ |
| ژنا | شناختن | ژناسای | ناسین |
| ژناتەر | دانا | زانا | زانا |
| ژنو/ زەنگرە | زانو | زەنگۆڵ | ئەژنۆ |
| زەنوە | زانو | زەنگۆڵ | ئەژنۆ |
| زەوەرە/ زورە | زور | زور | هێز |
| زاماتەر | داماد | زەما | زاوا |
| زیمەئین | زمین | زەمین | زەوی |
| تەئیژە | تیز | تیژ | تیژ |
| ئاپ | آب | ئاوی | ئاو |
| تەنوورە | انور | تەنوورە | تەنوور |
| تەرێس | ترس | تەرسی | ترس |
| تەرێشنە | تشنە | تەژنە | تینوو |
| تەشتە | تشت | تەشت | تەشت |
| تەش/ تاش | تراش/ تراشیدن | تاش/ تاشای/ تاشتەی | تاشین |
| تبەئێشە | درد/ رنج | ئێش | ئێش |
| دەئێمەن | دیدگاە | دیمەن | دیمەن |
| دەغە | داغ | داخ | داخ |
| دەنتەن | دندان | ددان | ددان |
| دەڕ | دریدن | دڕیەی/ دڕدەی | دڕین/ دڕاندن |
| دی/ ئەدی | دیدن | دیەی | دیتن |
| دەریتە | آزار | دەردە | دەرد |
| دەڤەرە | درب | بەرە/ دەروازە | دەرک/ درگا |
| نەئیریە | نر/ نرینە | نێر/ نێرینە | نێر/ نێرینە |
| نەئیمە | نیم | نیمە | نیوە |



| | | | |
|---|---|---|---|
| نافە/ نەبی/ نەبا | ناف | نەهە | ناوک |
| نەوە | نو | نەو | نوێ |
| نەوە | نیست | نیا | نییە |
| نەوەئیت | نود | نەوەد | نەوەد/ نەوەت |
| نەوەسەتە | نهصد | نوسەد | نۆسەد |
| نەسکە | دفتر | نەسەق | نەسەق |
| نەمیتە/ نیمەتە | نمد | نمەد | نەوگ |
| نەمە | نماز | نما | نوێژ |
| پەئیری وارە | دیوار | دیوار | دیوار |
| پەئیسە | پیس | پیس | پیس |
| پەچ | پخت/ پز | پەچ/ نانەپەچ | نانکەر |
| پەرێس | پرسیدن | پەرس/ پەرسای | پرس/ پرسین |
| پاشنە | پاشنە | پاژنە | پاژنە |
| فشەرێمە | شرم | شەرم/ شەرمە | شەرم |
| بەئونە | بودن | بییەی | بوون |
| بەختە | بخت | بەختە | بەخت |
| بەخش | بخشیدن | بەخشای | بەخشین |
| بەژ | بخش/ سهم | بەش | بەش |
| بەر | بردن | بەر/ بەردەی | بردن |
| بەرێز | بلند | بەرز | بەرز |
| دباشە | بایستە | باشە/ شیاو | باش/ شیاو |
| بوزە | بز | بزە | بزن |
| بونە | بن | بنە | بن |
| براتەر | برادر | برا | برا |
| مەخش | مگس | مەشی | مێش |
| مەزگە | مغز | مەژگ/ مەژگە | مێشک |
| مەزەنت/ مەزینە/ مەزو | بزرگ | گەورە | مەزن |
| میز | شاشیدن | گمێز کەردەی | میزکردن |
| موشتی | مشت | مشتە | مشت |
| مانن | ماندن | مەنەی | مانەوە |
| یەوە | جو | یەوە | جۆ |
| بەجینە | الک | وێچنە | بێژنگ |
| رەئیشە | ریش | ڕیش | ڕیش |

| | | | |
|---|---|---|---|
| رەئوغنە | روغن | ڕوەن | ڕۆن |
| رەئوچەنە | روزنە | ڕۆچنە | ڕۆژنە |
| رەئوژە/ ڕەئوپی | روباە | ڕواسە | ڕێوی |
| رانە | ران | ڕان | ڕان |
| وەئێم | خودم | وێم | خۆم |
| وەنا | درخت (ون) | وەنی | دارە (بەن) |
| وەرە | بر/ جلو | وەر | بەر/ پێش |
| واتوبێریتە | باد بردە | وابەردە | با بردوو |
| وار | باریدن | وارای | بارین |
| وارە | باران | واران | بارین |
| وین/ وینە | دیدن | دیەی/ ویناى | بینین/ دیتن |
| هوشکە | خشک | وشک | وشک |
| ویسەتە | بیست | ویس | بیست |
| ویهریکە | گرگ | وەرگ | گورگ |
| سارە/ سەرە | سر | سەرە | سەر |
| سپەر | سپردن | سپارای | سپاردن |
| سپیش | شپش | هەشپشی | ئەسپێ |
| شۆ | شدن/ رفتن | شیەی/ لوای/ شۆ | ڕۆیین/ چوون |
| هەندام | اندام | ئەندام/ عەننام | ئەندام |
| هەپتائی | هفتاد | حەفتا | حەفتا |
| هەمە/ هامین | تابستان | هامن | هاوین |
| هەونەروەنت | هنرمند | هونەرمەند | هونەرمەند |
| هوەر | خوردن | واردەی | خواردن |
| ڕی ئەوە | گریستن | گرەوای/ گرەوە | گریان |
| کەن | کندن | کەندەی | کەندن |
| گەر | آواز خواندن | گورانییێ/ گرە | گۆرانی/ گرە |
| مەر | مردن | مەردەی | مردن |
| نا | نە/ نخیر | نە/ نا | نە/ نا |

***



## پەراوێزەکان

١- هۆزی پارس یەک لە هۆزە ئارياييیەکانی ئێرانە، ئەم وشەیە دواتر بوو بەناوی هەموو ئێران کە دواییش عەرەب کردوویەتی بە-فارس-. (پارسی) هەم بەدانیشتوانی وڵاتی پارس و هەمیش بەزمانەکەیان دەگوترێت کە لە ڕیشەی - هیند و ئەورووپی - بوو و لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا زمانی ڕەسمیی دەربار بووە و پێیان گوتووە زاراوەی پارسیی دێرین و -فۆرس-ی کۆن. ئەم زاراوەیە لەگەڵ زمانی سانسکریت و لەهجەی ئاڤێستادا لە یەک ڕیشە و بنەمان.

٢- لە کلتووری زەردەشتیدا تەمەنی زەوی ١٢ هەزار ساڵە کە دابەش دەبێتە سەر چوار قۆناغی سێ هەزار ساڵی، لە ٣ هەزار ساڵی سەرەتادا ئورمەزد (ئەهوورا مەزدا) هەموو بوونەوەرانی بەشێوەی -مینوویی- واتە نەبینراو، ڕۆحی، غەیرە مادی دروست دەکات، لە کۆتایی ئەم دەورەیەدا ئەهریمەن هێرش دەکاتە سەر مەڵبەندی ئورمەزد، بەڵام پاشەکشەی پێ دەکرێت و بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵ بێ هۆش و بێ جووڵە دەکەوێت و لەم ماوەیەدا کە دووهەمین سێ هەزار ساڵەی دەورانی جیهانە، بوونەوەران بەشێوەی -گێتی- واتە بینراو، مادی دروست دەبن. لە کۆتایی ئەم دەورانەشدا ئەهریمەن جارێکی دیکە هێرش دەکاتەوە و لە ئەنجامدا دەورانی تێکەڵبوونی چاکە و خراپە (جیهانی ئێستا) دەست پێ دەکات کە شەش هەزار ساڵ دەخایەنێت، زەردەشت لە ناوەڕاستی ئەم دەورانە واتە لە سەرەتای چوارەمین سێ هەزار ساڵەی جیهاندا سەرهەڵدەدات.

٣- بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ ئەو بەرپەرچدانەوەیەی یەکبوونی (کەوی ویشتاسپە)ی ئاڤێستا - گشتاسپی کەیانی - و (ویشتاسپ)ی باوکی داریۆش بڕوانە «در روشنایی تاریخ» زرتشت، ل٥٣ تا ٧٤ .

٤- ئارتۆر کریستەن سن: چەند سەرنجێک لەمەڕ کۆنترین دەورەی ئایینی زەردەشتی، و. (بۆ فارسی) د. زەبیحەڵلا سەفا، گۆڤاری زانکۆی ئەدەبیاتی تاران ساڵی دووەم ژمارە (٣) بەهاری ١٣٣٤ی هەتاوی.

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- چیچەست یا بەپێی ئاڤێستا (چئە چستە) ناوی کۆنی هەمان گۆلی (ورمێ)ی ئەمڕۆیە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوایی ئێراندا. حەمدیللای مستەوفی لە (نزهة القلوب)دا دەنووسێت: «گۆلی چیچەست لە ویلایەتی ئازەربایجاندایە و پێی دەڵێن دەریای سوێر، شارەکانی ورمێ و ئەشنەویە و دێ خوارقان و تەروج و سەلماس دەکەونە لێوارەکانییەوە، دوورگەیەک لە نێوەڕاستیدا و کێوێکیشی لە پاڵدایە کە بۆتە گۆڕی پاشایەکی مەغۆل...».

٧- ئێرانویج لە ئاڤێستادا (ئەئیریەنە ڤەئیچە)یە کە وشەیەکی لێکدراوە، بەشی یەکەمی واتە ئەئیریەنە هەمان (ئێران)ە، بەڵام هێشتاش واتای (ڤەئیجە) نەدۆزراوەتەوە. لە سانسکریتدا وشەی (بیجە) هەیە بەواتای تۆو، هەر بۆیە ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەو واتایەیان لە بەرچاو گرتووە و دەڵێن ئەئیریەنە ڤەئیجە واتە سەرزەویی توخم و نەژادی ئاریایی. ناوی ئیرانویج لەناو ئاڤێستا و دەقە پالەوییەکاندا زۆر بەڕێز و حورمەتەوە هاتووە کە دەڵێ ئیرانویج ناوچەیەکە کە ئاریاییەکان یەکەمجار لەوێ گیرسانەوە و بەرەبەرە بەهەموو ئێراندا بڵاوبوونەوە. لەسەر شوێن و جوگرافیای ئیرانویج ڕاوبۆچوونی زۆر لێک جیاواز و دژ بەیەک و ئاڵۆز هەن و تۆژەر ناگەیەننە ئەنجامێکی دڵخواز.

٨- سەرچاوەی ژمارە -٤- (هەروەک لە پێشەکییەکەدا گوتم من پێم وایە کە زەردەشت لە هەورامانەوە سەری هەڵداوە و ئیرانویجیش بەهەمان هەورامان دەزانم کە دواتر گۆڕدراوە و بۆتە (ئاهوورامان) واتە شوێن و مەڵبەندی ئاهوورا. زەردەشت لەوێوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئێران ڕۆیشتووە، بەڵام بۆچی تا ئێستا هیچ باسێک لەم مەسەلەیە نەکراوە، ئەوە بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ: ١- نەناسراویی ناوچەکە کە بۆ خۆی چەندین هۆکاری هەن کە هەر کامەیان جێی لێکۆڵینەوەیەکی چڕو پڕە، ٢- ناشارەزایی ئاڤێستاناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژئاوایی کە بەدرێژایی مێژووی تۆژینەوەکانیان بۆتە هۆی گەلێ بەهەڵەداچوون و... ٣- شاردنەوەی ڕاستییەکان لەلایەن

هەندێ توێژەری فارس بەفکرێکی پان فارسیسم و حەزی بێ سنووری بەفارس کردن و...، پێم وایە ئەگەر لێژنەیەکی کۆمەڵناس و دێرینەناس و زمانەوان و جوگرافی زان کۆببنەوە و دیراسەیەکی بنەڕەتی و مەیدانی دەست پێ بکەن لەسەر وشەی ئیرانویج و ئاهووramان و ئوورۆمۆن و مێژووی پیرشالیاری هەورامان و دیکەی ئاسەوارە دێرینەکان و هەروائش کەلتوور و دابونەریتی جەماوەری ئەو دەڤەرە ئەوکات ڕاستییە مێژووییەکان دەردەکەون و بۆچوونەکەی منیش جێی خۆی دەگرێت. ج.ع).

٩- واتە ئەرشیف و کتێبخانەی بەڵگەکانی پاشایەتی. ئەم وشەیە لە -دینکەرد-دا (دێژەن پشێتەک)ە و لە (فارسنامەی ئیبنو بەلخی)شدا بەشێوەی -دژنفیشت- هاتووە.

١٠- ئەبولعەلی محەمەد ئیبنو محەمەد بەلعەمی، مێژووی بەلعەمی (وەرگێڕدراو و تەواوکەری - مێژووی تەبەری-یە)، بەرگی یەکەم لاپەڕە ٦٥٦ تا ٦٥٧ .

١١- ئەم ڕاپۆرتە لە -دینکەرد-یشدا هەر بەو شێوەیە هاتووە بەڵام لەمەیاندا کۆکردنەوەی ئاڤێستا خراوەتە پاڵ - دارا-ی دارایان.

١٢- (بوندەهش یانخود بوندەهێشەن) کتێبێکی ئایینی و مێژووییە بەزمانی پالەوی کە لەمەڕ ئافراندن و هەندێ زانیاری مێژوویی و جوگرافییەوە باس دەکات بەتایبەت بەشی ٣١و٣٣ کە بۆخۆی دەبێتە مێژوویەکی تەواوی ئێران، ئەم کتێبە دوو بەشی جیاوازە واتە بوندەهێشی هیندی و بوندەهێشی ئێرانی کە بەشە ئێرانییەکەی دەبێتە ١٣ هەزار وشە لە ٤٦ بەشدا و لە ڕاستیدا هەمان کتێبی (دین ئاگایی) پالەوییە و بەهەموو زمانە زیندووەکانی دنیاش وەرگێڕدراوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە / (دینکەرد) یا (دینکەرت)، ئەمیش کتێبی بەنرخ و بەناوبانگی زمانی پالەوییە کە لە (٩) بەرگدا لە ساڵی ١٩٨-٢١٨ی کۆچی لە سەردەمی خەلیفە مەئموون لە بەغدا و لەلایەن پێشەوای مەزنی زەردەشتی (ئازەر فرانبەغ)ەوە نووسراوە. دینکەرد گەورەترین قامووس و تەفسیر و شیکردنەوەی ئاڤێستایە بەزمانی پالەوی./ (ئەرداویرافنامە) کە لە زمانی پالەویدا (ئارتای ویراو نامەک)ی پێی دەوترێ بریتییە لە (٨٨٠٠) وشەی پالەوی لە نووسینی (ئەرتای بیراف) کە یەکێک بوو لە گەورە مۆبەدەکانی دەورانی ئەردەشیر و شاپووری یەکەم کە لە خەودا دەچێتە -میعراج- و سەیری بەهەشت و دۆزەخ و... دەکات، کتێبەکە هەڵگری زۆر باس و بابەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و مێژووییە و بەتایبەتی زۆر بەوردی باسی وەزعی ئاڵۆزی ئێران پاش هێرشی ئەسکەندەر و بووژاندنەوەی ئایینی و نەتەوایەتی لە دەورانی ساسانییەکاندا (سەدەی سێیەمی زایینی) دەکات. (ئەگەر سەرنجێکی وردی ئەرداویراف نامە بدەین و پاشان سەیرێکی میعراجنامەی پێغەمبەری ئیسلام بکەین و لە ناوەرۆکی هەردوو لا ورد بینەوە زۆر ڕاستیمان لە بواری وێکچوون و شوێنکەوتن و لێ وەرگرتن و... بۆ دەردەکەوێت. -ج.ع -).

١٣- هیربەد یان هیربەز لە ئاڤێستادا (ئەئیسرە پەئیتی) و لە زمانی پالەویشدا (هەرپەت)ە کە دەبێتە قۆناغێکی هەرە بەرزی ئایینی و واتای (عەلامە)ی ئایینی دەدات. وشەکە دوو بەشە بەشی یەکەم ئەئیسرە واتە فێرکاری و ڕاهێنان، بەشی دووەم پەئیتی واتە خاوەن و دارندە، بەسەر یەکیشەوە دەبێتە خاوەنی هێزی فێرکاری و بەکورتیش مامۆستا و ڕاهێنەر .

١٤- دین دەبیرە یانخود دیندەبیری واتە خەت و نووسینی ئایین، خەتێکە کە دیرۆکی راهێنانی بەتەواوەتی ئاشکرا نەبووە، لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێت، عەرەب پێی دەڵێت «دین زەفیرە». هەر چۆن بێت خەتی تایبەتی ئاڤێستایە و هەموو ئاڤێستا و دەقە زەردەشتییەکان بەو خەتە نووسراونەتەوە.

١٥- نەسکە بەواتای کتێب، بەرگ، بەش دێت وەک چۆن بەبەشەکانی قورئان دەڵێن جزم (بەکوردی) بۆ بەشەکانی ئاڤێستاش نەسکە بەکارهاتووە. ئەم وشەیە لە کوردیدا هەتا ئێستاش ماوەتەوە بەهەندێ گۆڕانکاری یا باشتر بڵێم تەعبیرەوە، ئەوەتا بەدیکۆمێنت و بەڵگە و سەنەدەکان دەڵێن نەسەک یانخود نەسەق. ج.ع.

١٦- گاسانیک واتە لە نووسیندا بەشێوەی (گات)ەکان، نەسکەی گاسانیک هەر وەکو گاتەکان بەشێوەی شیعر هۆنراوەتەوە و هەڵگری سێ نزا و پاڕانەوەی هەرە پیرۆزی ئایینی زەردەشتە بەناوەکانی ١- ئەشێم ڤۆهووە ٢- یەتا ئەهووە ٣- بەنگهە هاتام. / داتیک وشەیەکی پالەوییە و لە ڕیشەی - دات ، داد - وەرگیراوە و بەواتای - یاسای دادوەری - دێت، داتیک بەشی یاسا و ئەحکام و ئادابی زەردەشتییە بۆ ڕێنوێنیکردنی خەڵک لەم جیهانەدا. / هات مانسریت یانخود هاتەک مانسەریک لە ڕیشەی - مەنسەرە - وەرگیراوە و واتای کەلامی ئیزەدی دەدات و بریتییە لە چەندین نزا و پاڕانەوە و نزیک خستنەوەی مرۆڤ لە ئاهورا مەزدا، هەر کام لەو سێ بەشەی ئاڤێستا حەوت نەسکە یان کتێبیان لەخۆ گرتووە.

١٧- ئەو کەسانەی لەترسی دوژمنی عەرەبیاندا کۆچیان کرد و لە هیندستاندا گیرسانەوە و وەکو کەمە نەتەوەیەکیان لێ هات و ناوی (پارسیان)یان لێ نرا و ئێستاش هەر بەپارسییەکانی هیند بەناوبانگن، زۆربەی ئاڤێستا ناس و پەهلەوی ناسە ناودارەکانی جیهان هەر لەنێو ئەواندا هەڵکەوتوون یا لای ئەوان پەروەردە بوون.

١٨- ریوایاتی داراب هورمەزدیار یەکێکە لەو کتێبە بەناوبانگانەی کە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی لەلایەن هیربەد (مانکجی رۆستەم جی ئونوالا)وە لەچاپ درا.

١٩- تەنیا وەکو نموونەیەک لە خەروار ئاماژە بەو چاپانە کرا، چاپی دیکەش کە لە زمان و وڵاتانی جیهاندا لەسەر ئاڤێستا کراون گەلێ زۆرن و ناوهێنانی هەموویان کات و مەودایەکی فراوانتری پێویستە.

٢٠- گیرشمەن پێی وایە هۆزە هیندییەکان سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین و ئێرانییەکان هەزار ساڵ پاش ئەوان کۆچیان کرد.

٢١- کۆنترین دەستنووسی بەشێک لە بەشەکانی ئاڤێستا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٧٨ی زایینی.

٢٢- ئەم لێکچوونە لەگەڵ دیکەی کۆمەڵە زمانەکانی هیند و ئەوروپیشدا بەرچاو دەکەوێت.

٢٣- ئیبنو نەدیم لە کتێبی (الفهرست)دا شەرحێکی لەسەر خەتە برەودارەکانی سەردەمی ساسانی نووسیوە.

٢٤-لە خشتەکەدا ژمارەی ١ تا ١٤ سەر بەپیتە دەنگدارەکان و ژمارەی ١٥ تا ٤٩ یش پیتە بێ دەنگەکانن، پیتەکانی ژمارە ١٠و٣٠و٣١ لە لووتدا دەردەبڕدرێن، پیتەکانی ژمارە ٣٥و٣٧ هەمیشە لە سەرەتای وشەوە دەنووسرێن، پیتی ژمارە ٤٢ تەنیا لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت، پیتی ژمارە ٤٣ لە هەموو شوێنێکی وشەدا دێت، پیتی ژمارە ٤٤ هەمیشە پێش پیتی ژمارە ٣٤ دێت، ژمارە ٤٧یش هەر پێش ژمارە ٣٤ دێت و دەنگی لە (ھ) قەڵەوترە و بە(خ) نزیکە، ژمارە ٤٨ هەمیشە لەپێش پیتە دەنگدارەکانەوە دێت و ژمارە ٤٩ جاروبار لە جێی ژمارە ٣٥ لە سەرەتای وشەوە دەنووسرێت.

٢٥- ئوشتەوەدگات وشەیەکی لێکدراوە لە (ئوشتەوەد + گاە - گات). گاە یانخود گات مەبەستی هەمان گاتەکانە، ئوشتەوەد یا بەپێی زمانی ئاڤێستا (ئوشت ڤەئەیتی) لە وشەی -ئوشت- وەرگیراوە و واتای سەلامەتی و تەندروستی دەدات و بۆتە یەکەم وشەی دەستپێکردنی یەسنای چل و سێیەم.

٢٦- لە ئاڤێستادا زۆرتر (یەتا ئەهوو ڤەئیریە)ی پێی دەگوترێت و بەشێکە لە بڕگەکانی (گاسانیک) و دەبێتە دەسپێکی یەک لەو سێ نوێژ و پاڕانەوە هەرە گرینگ و پڕ ناوەرۆکانەی ئاڤێستا و سەرجەم دەبێتە (٢١) وشە، لە دینکەرددا هاتووە کە ٢١ نەسکەکەی ئاڤێستا بەپێی هەمان ٢١ وشەیەی ئەم نزایە ناوزەد کراون. ئەم نوێژە زۆرتر لەگەڵ نوێژی (ئەشێم ڤەهوو)دا دەخوێنرێت و واتاکەشیان بەم چەشنەیە: «ڕاستی باشترین تۆشە و مایەی بەختەوەرییە، بەختەوەر ئەو کەسەیە کە کرداری ڕاست و دروست بکات و خوازیاری باشترین ڕاستی بێت»... «زەردەشتی مەزنی لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژێردراو، ئەو سەروەرە ڕۆحییەیە کە لە خەزێنەی کردارەکانی خۆیدا کرداره چاکەکانی خەڵک دەپارێزێت و لە ڕۆژی پەسلاندا دەیانباتە لای مەزدا، مەزنایەتیی مەزداش بۆ کەسێکە کە پارێزەری هەژاران بێت.».

٢٧- بڕوانە: (ھ.س. نیبێرگ): «ئایینەکانی ئێرانی کۆن»، و. بۆ فارسی: د. سەیفوڵڵا نەجم ئابادی.

٢٨- یەکەم، ئەهنوەد گات (ئەهوونەوەیتی گاسا) یەکەمین گاتایە و مەبەستیش لەو گاتایەیە کە بەوشەی (ئەهوونە)وە دەست پێ دەکات، واتای وشەکەش دەبێتە سەروەر، گەورە، ژیانبەخش. هەروەها ناوی ڕۆژی

یەکەمی (پێنجە) و (فەروەردین)یشە. دووەم، بۆ ئوشتەوەد گات بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢٥ سێیەم، سپەنتمەدگات سێیەمین بەشی گاتەکانە و بەواتای (سپەنتامینو) واتە - بیرو زانیاریی پیرۆز - دێت و ناوی سێیەمین ڕۆژی (پێنجە)شە. چوارەم، ڤەهووخشتەرگات گاتی پێنجەمە، واتە ئەو گاتانەی کە خاوەنی (ڤەهیشتویەشت)ن کە ئەویش بەواتای چاکترین سامان و باشترین ئارەزوو دێت.

٢٩- هووشبام وشەیەکی پێکهاتەی دوو بەشییە: (هووش + بام). هووش لە ئاڤێستادا (ئووشە) و لە سانسکریتدا (ئووشاش)ە کە واتای زەمەنی نیوە شەو تا کاتی هەڵاتنی ڕۆژ دەدات. (بام)یش لە ئاڤێستادا (بامیە) و لە پالەویدا (بامیەک)ە کە واتای ڕووناک و ڕۆشن دەگەیەنێت. هووشبام نوێژی تایبەتی بەیانیانە و پێکهاتووە لە چەند بەشی جیاجیای ئاڤێستا.

٣٠- ویسپێرەد لە دوو وشەی ئاڤێستایی پێکهاتووە: (ویسپێ + ڕەتوو)، ویسپێ لە پالەویدا (ڤووسپە)یە بەواتای هەموو، (ڕەد / ڕەتوو)ی ئاڤێستاییش واتە دلێر و بەخیرەت و زانا. واتای وشەکە سەرجەم دەبێتە (هەموو دلێران و زانایان) و هەرواش دەبێتە (یەزدانی زانا و توانا بەهەموو شتێک).

٣١- گاهانبار، گەهەنبار، گاهەنبار یانخود (گاسانبار)ی پالەوی ناوی شەش جەژنی ساڵن کە بەشەش جەژنی ئافراندن ناوزەد کراون. لە ئوستوورە ئێرانییەکاندا هاتووە کە ئەهوورا مەزدا بەشەش جار (سەرجەم لە یەک ساڵدا) جیهانی داهێنا کە هەر جارێکیان ناوێکی تایبەتی هەیە و هەر جەژنێک کات و ساتی تایبەت و هەر ناوێکیش واتایەکی جیای هەیە کە لە خوارەوە بەجیا باسیان دەکەین:

گەهەنباری یەکەم، (مەیدیۆ زەرمە) لە ئاڤێستادا (مەیزیۆیی زەرێمە)یە کە ئەفراندنی مرۆڤە و بەواتای ئەفراندنی بەهار دێت و لە چل و پێنجەمین ڕۆژی ساڵدا دەگیرێت واتە بۆ ئەو کاتەی کە زەوی سەوز دەبێت.

گەهەنباری دووەم، (مەیدیۆ شەمە) لە ئاڤێستادا (مەیزیۆیی شێمە)یە، ئەفراندنی ئاو، بەواتای ناوەڕاستی هاوین و لە سەد و پێنجەمین ڕۆژی ساڵ و بۆ ئەو کاتەی کە دروێنە دەکرێت.

گەهەنباری سێیەم، (پەتیەش هەیمە) لە ئاڤێستادا (پەیتیەش هەهیە)یە، ئەفراندنی زەوی، بەواتای داهێنەر، لە سەد و هەشتایەمین ڕۆژی ساڵدا و بۆ ئەو کاتەی خەرمان هەڵدەگیرێت.

گەهەنباری چوارەم، (ئەیاسرێمە) لە ئاڤێستادا (ئەیاسەرێمە)، ئافراندنی گیا، بەواتای گەڕانەوە، لە دووسەد و دەیەمین ڕۆژی ساڵ و بۆ ئەوکاتەی کە شوان ڕانەکەی دەگەڕێنێتەوە ماڵەوە.

گەهەنباری پێنجەم، (مەیدیارێمە) لە ئاڤێستادا (مەیزیایەریە)، ئەفراندنی ئاژەڵان، بەواتای ناوەڕاستی ساڵ، لە دوو سەد و نەوەدەمین ڕۆژی ساڵ و ئەوکاتەی کە هەوا سارد دەکات.

گەهەنباری شەشەم، (هەمەسپەت مەدەم)، لە ئاڤێستادا (هەمەسپەس مەیبیدەیە)، ئەفراندنی مرۆڤ، بەواتای کاروباری دینی، لە سێ سەد و شەست و پێنجەمین ڕۆژی ساڵدا و بۆ ڕێز لێنان لە ڕۆح (ڕەوان)ی مردووان دەگیرێت.

٣٢- اخلاق ایران باستان، دینشاه ایرانی، ترجمە عبدالحسین سپنتا، لاپەڕە (٧-٩).

٣٣- یەسنا هاتی ٣٠ کۆپلەی دووەم.

٣٤- سپەنتە مەینیوە (سپەنتا مینۆ / سپەند مینۆ) واتە زانیاریی پیرۆز لە بەرامبەریشدا ئەنگەرە مەینیوە (ئەنگەرە مینۆ) واتە زانیاریی ناپاک. بەشی یەکەمی ئەم وشەیە (ئەنگەرە) واتە لەنێوبەر، کاولکار و بەشی دووەمیش (مینۆ) واتە ڕۆح، ڕەوان، بیرو ئەقڵ و زانین. ئەم وشەیە دواتر کورت کراوەتەوە و بۆتە ئەهریمەن و دواتریش لە ئیسلامدا کراوەتە ئیبلیس / شەیتان.

٣٥- ئەشە، ئەشا، ئەشوو، بەواتای پاکی و ڕاستی و پیرۆزی دێت و ئەشەوان یانخود ئەشەوەن بەکەسێک دەڵێن کە شوێنکەوتووی ڕاستی و یاساکانی مەزدا و ئایینی پاک و ڕاستەقینە بێت. زۆر جار لە ئاڤێستادا بەزەردەشت گوتراوە ئەشو زەردەشت واتە زەردەشتی پاک و ڕاستگۆ. لە بەرامبەری ئەم وشەیەدا دروەند یانخود درەگڤەند هەیە بەواتای شوێنکەوتووی ئایینی درۆیین، درۆزن، ناپاک. درووج (دورڤەج)یش واتە درۆ،



ناپاکی، دێوی نوێنەری درۆ و ناپاکی.

٣٦- یەکەم: ئەشە ڤەهیشتە لە دوو وشە پێکهاتووە (ئەشە + ڤەهیشتە)، ئەشە، ئەشا بەواتای ڕاستی و پاکی، ڤەهیشتە بەواتای باشترین. سەرجەم واتای باشترین ڕاستی و باشترین پاکی دەدات. ئەم وشەیە دواتر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بۆتە (ئوردی بەهەشت) کە دەکاتە دووەمین مانگی بەهار لە ساڵی هەتاویدا.

دووەم: ڤەهوومەنە بەواتای چاک و باش هاتووە واتە کەسێتی و ئەندێشەی چاک، دواتر بۆتە بەهمەن کە دەکاتە دووەمین مانگی زستان لە ساڵی هەتاویدا.

سێیەم: خشەترە ڤەئیریە کە بۆتە شەهریوەر بەواتای وڵاتی خوازیار و دەسەڵاتی پەسەند کراو، مانگی سێیەمی هاوینە لە ساڵی هەتاویدا.

چوارەم: سپەنت ئارمەیتی یا سپەندارمەز وشەیەکی لێکدراوە (سپەند، سپەنتا بەواتای پیرۆز + ئارمەیتی بەواتای پاکی و خۆشەویستی) بەگشتی واتە پاکی و خۆشەویستیی پیرۆز، ئەم وشەیە دواتر کورت کراوەتەوە و بۆتە ئێسفەند کە دەکاتە دوا مانگی زستان.

پێنجەم: هەئورڤەتاتە واتە پێگەیشتوویی، کاملبوون، تەواوەتی. ئەم وشەیە دواتر بۆتە خورداد و دەکاتە سێیەمین مانگی بەهار.

شەشەم: ئەمێرەتاتە، بەواتای نەمری و زیندوویێتی هەتاهەتاییێ، ئەمڕۆ کورتکراوەکەی بەهەڵە کراوەتە مورداد کە واتای مردن و کۆتایی دەدات! بەڵام شێوە ڕاستەکەی (ئەمورداد)ە کە واتای هەمان نەمری دەدات. ئەمورداد ناوی دووەم مانگی هاوینی ساڵی هەتاوییە.

٣٧- لە فەلسەفەی کۆنی هیندیشدا وێنەی ئەم دوو نیشانەیە (ڕەوان و مادە) لە خالقەوە دەبینرێت.

38- Irach.J.S.Tara porewala: Tehcircle Of pertection, dinshah Irani mehorial volume، Bomby 1943.

٣٩- شارستانییەتی ئێران، نووسینی کۆمەڵێک ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی، و. بۆ فارسی: د. عیسا بەهنام.

٤٠- بنەمای فەلسەفەی ئەخلاقیی ئایینی زەردەشت -یادنامەی دینشا-ی ئێرانی، نووسینی: حسین کازم زادەی ایران شهر.

٤١- گا (گاو) بەواتای ئاژەڵ دێت بەگشتی نەک تەنیا بۆ مانگا، ئاژەڵ (گیاندار)یش لای زەردەشت پیرۆز بووە و فەرمان دراوە کە ئاژەڵ سەر نەبڕدرێت و نەکرێتە قوربانی و... بەڵکو مرۆڤ دەبێ بەخێوی بکات و لە بەرهەمەکانی (شیر، ماست، دۆ، خوری، کەرە و...)ی کەڵک وەربگرێت، ئەمڕۆ لە زمانی فارسیدا وشەی (گوسفند) مان هەیە کە بە(مەڕ/ پەز) دەوترێت، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم وشەیە تەنیا بۆ ئەو گیاندارە بەکار نەهاتووە، بەڵکو لە بنەڕەتدا (گاو ئسپەند/ گەئو سپەنت) بووە واتە ئاژەڵ / گیانداری پیرۆز، دواتر کورت کراوەتەوە و بۆتە (گۆسپەند) و دواتریش سواوە و بۆتە هەمان (گووسفەند)ی ئەمڕۆ.

٤٢- سەرچاوەی ژمارە ٤١

٤٣- ئێران لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە، نووسینی کۆمەڵێک پسپۆڕی ئەمریکی و ئەورووپی، و. بۆ فارسی: د. ڕەزا زادەی شەفەق.

٤٤- سەرچاوەی ژمارە ٤٣

٤٥- هەمان سەرچاوە

٤٦- بەرەهما بەواتای خودا، خودای هیندووەکانە و بەرەهمەن بەو پێشەوا ئایینییانە دەوترێت کە شوێنکەوتووی ئەو خودایەن، (بەرەهمەن واتە پیاوی ئایینی پیرۆزی بەرەهما)، ئەرکی بەرەهمەن تەنیا خوێندن و فێرکردنی (ڤیدا)کان و بەڕێوەبردنی مەراسیمی ئایینییە و بۆی نییە ببێتە خاوەنی هیچ سەروسامانێک و هیچ ماڵ و سەروەتێک کۆ بکاتەوە، ژیانی بەرەهمەن دەبێتە چوار قۆناغ کە لە قۆناغی دوایی واتە چوارەمدا بەتەواوەتی

له جیهان دادەبڕێت و نوقمی خەڵوەکێشان و بیرکردنەوە لە کاروباری خودایی (ڕۆحانی) دەبێت.

٤٧- سەرچاوەی ژمارە ٤٣

٤٨- م. مەعزەم: سروودی بناغەی ئایینی زەردەشت، ئێران کودە ژمارە ١٢ لاپەڕە ٥-٨ .

٤٩- سەرچاوەی ژمارە ٤٣

٥٠- ئەمیل بنونیست: دینی ئێرانی بەپێی دەقە کۆنەکانی یۆنان، و. بۆ فارسی: بەهمەن سەرکاراتی، لاپەڕەی ٣ .

51- J, F, Kleuker: zendavestayoroastres lebendiges wort, Rega, 1776-1777

52- A, meillet: trois canfereces surles gathas de Avesta, Paris 1925

٥٣- بۆ زانیاری و ئاشنایی زۆرتری خوێنەرانی هۆگری ئاڤێستای پیرۆز، بەکورتی ئاماژەیەک دەکەینە سەر هەندێکی تر لە گرینگترین و بەسوودترین ئەو بەرهەمانەی لەسەر ئاڤێستاناسی و لە لایەن تۆژەرە ڕۆژاواییەکانەوە نووسراون، بەرهەمەکانیش لە سێ بواردا وەک نموونەی مشتێک لە خەروار دێنینەوە:

١-(سەرچاوە بنەڕەتییەکانی تۆژینەوەی ئاڤێستا):

Vrgeschichte der iranischen sprachen: Awestasprache Und Aitpersisch, griph, BD Bartholomae) I Strassburq, 1895-1901

ئەم کتێبە کاملترین بەڵگەی چڕکراوەیە لە ئاواشناسی و ڕێزمانی ئاڤێستاییدا کە بەرهەمە زمانەوانییەکانی پێشتریش دەگرێتەوە.

(Bartholomae), Altiranisches Worterbuch، Strassburq-1904. Znded, Berlin, 1961

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەر هەموو دەقەکانی ئاڤێستا و کتێبەکانی فارسیی کۆن دەگرێتە خۆی کە لەبەر دەستی نووسەردا هەبوون و دەکرێ بڵێین پێڕستێکی تەواوی ئاڤێستایە. ئەم بەرهەمە دوای لێکۆڵینەوەکانی (هینتز) و (کۆنت) لە بواری فارسیی کۆندا بایەخی نییە، بەڵام لە بواری تۆژینەوەی زمانی ئاڤێستادا بەسەرچاوەیەکی بنەڕەتی دەژمێردرێت.

(H, Reichelt): Awestisches Elementarbuch, Hiedelberq,1909

ئەم بەرهەمە لەبارترین ڕێگای تۆژینەوەی ئاڤێستایە، نووسەر لە بواری شکڵ و ئاواشناسیی وشەکاندا شوێن پێی - بارتۆلمە-ی گرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی کورتتر. سەرەڕای ئەمەش ئەم بەرهەمە بەشێکی زۆر لە ئامرازی دەربڕین لە زمانی ئاڤێستادا دەگرێتە خۆی کە خۆی لە خۆیدا بێ وێنەیە، لە پەراوێزی ئەم کتێبەشدا بەشێکی زۆری دەقەکانی ئاڤێستا نووسراونەتەوە لەگەڵ وشەکانیان بەجیاواز.

(H,Reichelt) Iranisch, Grundriss der indoqermanischen sprach Und Altertum Skun de,II,Bd,4 – 2, Halt te,s,1 – 84, Berlin leipziq,1927.

ئەم کتێبەش هەڵسەنگاندنێکی گشتییە لە زانیارییەکانی لەمەڕ تۆژینەوە ئێرانییەکان.

(K,Geldner): Awestalitteratue, Geundriss der Iranschen Philoloqie, Bd, II, strassburq,1896 -1904.

لەم کتێبەدا شەرحی ناوەرۆکی ئاڤێستا و ئەو زانیارییانەی لەسەر بەیازەکان نووسراون و دیرۆکی تۆژینەوە ئاڤێستاییەکان و بنەماکانی زمانەوانیی ئاڤێستا کراوە و پێڕستێکی هەموو ئەو سەرچاوانەش نووسراوە کە دەکرێ بۆ ناسینی ئاڤێستا سوودیان لێ وەربگیرێت.

(G,Morqenstieme): Orthoqraphy and Sound – System of the Avesta, NTS, xll, 1942.

ئەم بەرهەمە وێڕای پێداچوونەوەی دەزگای دەنگسازی لە ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکاندا، چەند



بیروڕایەکیشی سەبارەت بەقۆناغەکانی کامڵبوونی بواری دەنگسازی لە زمانە ئێرانییەکاندا لەخۆ گرتووە.

(K,Hoffman): Altiranisch – "Handbuch der Orientalistik, Abt,Ivbd, Iranistik" I,Abschritt, Linquistik, leiden – Koln,1958.

ئەم کتێبە بریتییە لە بەراوردێکی کورتی نێوان تایبەتمەندییەکانی دەنگسازی و ڕێزمانیی زمانەکانی ئاڤێستا و پارسیی کۆن و، هەرواش کورتەیەک لە مەڕ مەسەلە بنەڕەتییەکان و بارودۆخی ئەم دوو زمانە لە بواری هاوسەردەم بوونیاندا.

٢- (چاپکراوەکانی دەقی ئاڤێستا):

(H,Reichelt): Avesta Reader Texts, Notes, Glossaty and Index, Strassburq, 1911

ئەم چاپە دەقێکی وانەیی زۆر جوانی ئاڤێستایە لەگەڵ هەڵبژاردەیەکی زۆر باش لە دەقە ئاڤێستاییەکان و شیکردنەوەی وشەکانیان.

(F,Spiegel): Avesta dieheiliqen Sdhriften der parsin, zam Ersten, Maleimim Geundtexte Sammt der Huzvarisch – Udersetzunq herusqeqehen, Bdi – II, 1853 -1858

لەم چاپەشدا دەقێکی فارسی ناونجی هاتووە کە گەلێک بەسوود و بایەخدارە.

(K, Geldner): Avesta, die heiliqen BucherderParsen, Bdi – III, Stuttqart, 1886-1895.

ئەم چاپە پێداچوونەوەیەکی ڕەخنە ئامێزە کە پشتی بە بەیاز و دەستنووس بەستووە و تا ئێستاش وەک سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراو بۆ لێکۆڵینەوەی ئاڤێستا دەناسرێت.

(K,Geldener): codies Avesticiet Pahlavici Bibliothecae universitatis Hafnensis Vol, vII – Ix, K – 5(1937, 1938, 1939): vol, x–xi, K, 3a, K 3d, - L(1941, 1942): Vol, xii, K – 7, K- 25 (1944).

ئەم چاپە نووسینەوەیەکی ڕێکوپێکی باشترین دەسنووسەکانی ئاڤێستایە کە لە -کوبنهاگن-دا بوون.

٣ - (وەرگێڕانە چڕوپڕەکانی ئاڤێستا):

(J, darmesteter): Lezend – Avesta, Iyadukteon nouvelle avek commentaire historique etphelologique, Vol, I – III,pares, 1892 – 1893, 2nded: pares, 1962.

ئەم وەرگێڕدراوە لە بواری زمانەوانییەوە لە برەو کەوتووە، بەڵام لە بواری شیکردنەوەی هەندێ لایەنی ئاڤێستا هەنووکە جێی سەرنجە.

(F,Wolff): Avesta, die heilipen ducher derparsen, udersitzt auf der Grundlaqe Warterduch, strassdurq, 1910:

ئەم کتێبە بەگشتی وەرگێڕانێکی پەسندکراوی ئاڤێستایە و تا ئێستاش زۆر قسە و باس و لێکۆڵینەوەی لەخۆی گرتووە، بەشی گاتاکان کە لەم کتێبەدا هاتووە لەلایەن - بارتولمە - وە وەرگێڕدراوە و خراوەتە ناو ئەم کتێبەوە. و... تاد.

٥٤- یەزێشنە وشەیەکی پالەوییە و لە ئاڤێستادا (یەسنە)یە بەواتای پەرستش و ستایش و ڕازو نیاز، ئەم وشەیە بۆتە ناوی مەراسمی نوێژ و پەرستش لە ئاتەشگەکاندا. پێشتر هەشت مۆبەد ڕابەرایەتی ئەم ڕەسم و یاسایەیان لە ئەستۆدا بوو، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا دوو مۆبەد بەناونیشانی (زەوت) و (ڕاسپی) ئەم ئەرکە بەڕێوە دەبەن واتە سەردەستەیی و سەرۆکایەتی ڕەسم و یاساکە دەکەن. شایانی گوتنە کە هیچ غەیرە زەردەشتییەک مافی بەشداریکردن و دیتنی ئەو ڕەسم و یاسایەی نییە، چونکە مەراسیمێکی هەرە تایبەتە. بەر لە ئوستاد

پوور داود تەنیا سێ کەسی دیکەی غەیرە زەردەشتی توانیویانە بەشداریی تێدا بکەن، ئەویش لە ئاکامی هەوڵ و کۆششی زۆریان بۆ ناسین و ناساندنی ئاڤێستا و ئایینی زەردەشت ئەو شەرەفەیان پێ بەخشراوە کە ئەوانیش بریتین لە: (هۆگ) لە ئەڵمانیا و (جاکسۆن) لە ئەمریکا و خاتوو (مەنان)یش لە فەرەنسا.

٥٥- ئەو بەرهەمانەی کە وەکو کتێب بەزمانی کوردی و لەسەر ئاڤێستا و ئایینی زەردەشت نووسراون یا وەرگێڕدراون و (کەوتوونەتە بەر دیدی من -بێجگە لە کارەکانی گیان شادان شاکر فەتاح و گیوی موکریانی) بریتین لە:

«١- زمانی ئاڤێستا، سۆکۆلۆف، وەرگێڕان و لێدوان و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی کوردیدا: محەمەد ئەمین هەورامانی، بەغدا، ١٩٨٨.

٢- زەردەشت و زمانی خۆرئاوا، دوش کیمن و. (لە فارسییەوە): جەمال ئەحمەد زادە، سلێمانی ٢٠٠٠.

٣- فەرهەنگی ئیریەن ڤاچ، محەمەد ئەمین هەورامانی، بەغدا، ١٩٨٦.

٤- ئول و فەلسەفەیا زەرادەشت ل ناڤ کوردێن میدی، میرئال زیلانی، چاپی یەکەم ١٩٩٦ چاپخانەی هاوار، دهۆک.

٥- وەهای گوت زەردەشت و. (لە فارسییەوە): عەلی نانەوا زادە، چاپی یەکەم ٢٠٠١ هەولێر.

٦- زەردەشت وەهای گوت و. (لە عەرەبییەوە): ڕەووف ئەحمەد ئالانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٢ سلێمانی.

٧- پوختەیەک لە بیروباوەڕی زەردەشتی، ر.س. زێهنەر و. ئازاد حەمە شەریف، چاپی یەکەم ٢٠٠٠ میدیا/هەولێر.

٨- زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی، هاشم رەزی و. م. گۆمەیی، چاپی یەکەم سوید ١٩٩٢.

٩- ئاڤێستا، جەلال ئەمین بەگ، چاپی یەکەم ١٩٩٩.

١٠- کورد لەناو ئایین و مێژوودا، ئیبراهیم عومەر، چاپی یەکەم سلێمانی ١٩٧٢.

١١- ئاڤێستا، ئەنداز حەوێزی، چاپی یەکەم سوید ١٩٩٢».

٥٦- گەئوش ئەورڤەنە واتە ڕۆحی خیلقەت، ئەوەی کە هەندێ لێکۆڵەری ئەوروپی بەواتای - ڕۆحی گا-ی لێک دەدەنەوە هەڵەیە. وشەکە پێکهاتووە لە دوو بەشی (گەئووش + ئەورڤەن)، بەشی یەکەم واتە گەئو یا گەو یانخود گاو بەواتای جیهان، خیلقەت، ئەفراندن، دێت و بەشی دووەمیش واتە ئەورڤەن یا ئورڤەنە یانخود ئوروا بەواتای ڕۆح، ئەرواح دێت و سەرجەم واتە(ڕۆح / ڕەوانی خیلقەت).

٥٧- خشەترە واتە هێز و توانایی و دەسەڵات، لە ئاڤێستادا بەواتای سەروەری و پاشایەتی هەتاهەتایی هاتووە.

٥٨- ئارمەیتی (ئارمەئێیتی) واتە پاکی و سادەیی و خۆشەویستی کە بۆتە بەشێک لە نیشانەکانی ئاهوورامەزدا و دواتر (سپەند/ سپەنت)ی پێ زیاد کراوەوبۆتە سپەنت ئارمەیتی یانخود سپەندارمەز کە بەیەکێک لە ئەمشاسپەندەکان دەناسرێت.

٥٩- گشتاسپ بەواتای ئەسپی ئامادە دێت، لە ئاڤێستادا زۆرتر (ویشتاسپە) هاتووە کە دەڵێن کوڕی (لەهراسپ)ی شای کەیانییە کە زەردەشت لە سێیەمینساڵی پاشایەتی ئەودا سەری هەڵداوە و ئەویش ئایینەکەی قبوڵ کردووە و کەوتۆتە شوێنی و بۆتە پێڕەوی کە ئەم کارەشی بۆتە هۆی دوژمنیی (ئەرجاسپ)ی توورانی لەگەڵیدا. ئاڤێستا زۆری بایەخ بەم کەسایەتییە داوە و هەر خودی زەردەشت لە گاتاکاندا چوار جار ناوی دێنێت و ڕێزی لێ دەگرێت.

٦٠- مەنسەرە یا مانتەرە واتە کەلامی پیرۆزی ئەهوورایی، دوعا و نزایەکە کە بەواتای ئاڤێستا پەری و جادووگەرەکان دوور دەخاتەوە. هەروەها بۆتە بەشێک لە زانستی پزیشکی لە بواری سایکۆلۆژییەوە، مەنسەرە دەرمانی کاتی خۆی بایەخی زۆری هەبووە و ئەمڕۆش لە بواری دەروونزانی و هیپنۆتیزمدا بەرجەستە بۆتەوە.

٦١- فەرشوشتەر، فەرەشوشتەرە یانخود فەرەش ئوشتەر بەواتای خاوەنی وشتری کارا و بەهێز هاتووە.



فەرشوشتەر هڤوگڤە یەکێکە لە یەکەمین شوێنکەوتووانی زەردەشت و برای جاماسپە کە هەردووکیان وەزیری گشتاسپ بوونە...

٦٢- لە ئاڤێستادا ئەوە ڕۆحی خیلقەتە کە ئاوەها پرسیارێک لە یەزدان دەکات، بەڵام دەبینین کە لە دیکەی ئایینەکاندا شەخسەکان بۆ خۆیان قسەیان لەگەڵ خودا کردووەو...! بەتایبەتی دەتوانین ئاماژە بەمووسا و عیسا و ئیبراهیمی ئازەر بکەین کە بەپێی ڕیوایەتە دینییەکان هەرکامە و پرسیارێکی ئەوتۆیان لە خودا کردووە و گوایە خوداش وەڵامی داونەتەوە!

٦٣- ئەم بڕگەیەی گاتا پیرۆزەکانی ئەشوو زەردەشت هێشتاش لە گۆرانییەکی هەوراماندا ماوەتەوە و گەرچی هەندێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە ئەویش لە بواری داڕشتنەوەی خودی شیعرەکاندا، بەڵام دەبینین لە مەعناو ناوەرۆکدا هەروەک خۆی پارێزراوە، ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات و دەیسەلمێنێ کە گۆرانیی هەورامان و بەتایبەتی (سیاجامانە / سیاچەمانە) لە ناخی ئاڤێستادا هەڵقوڵاون و کورد سەرەڕای ئەو هەموو زەبر و زەنگ و کوشت و بڕەی عەرەب، هێندە خاوەنی هۆش و بیری ورد بووە کە توانیویەتی بیروبڕوا و ئاسەواری ئایینە پێشکەوتووەکەی خۆی لە ڕێگای جۆربەجۆر و بەشێوازێکی ژیرانە بپارێزێت و نەهێڵێت کە هەموو شارستانەتەکەی لەژێر تۆزی خنکێنەری سوپای هێرشبەر و داگیرکاردا بۆ هەمیشە بشاردرێتەوە. ئەو گۆرانییەی کە باسم کرد ناوی (گەردوون چی بکەم)ە و گەرچی دەچێتە خانەی بەزمی گۆشی یا (خاو)ەوە، بەڵام بارو ڕیتمێکی حەزین و خەماویی هەیە و ناوەڕۆکەکەی باسی خەم و پەژارە و ناڕەزامەندیمان بۆ دەکات، ئەمڕۆ لە سەربەندی ئەم گۆرانییەدا دەڵێین:

(گەردوون چی بکەم چیم دەسەڵاتە//ڕۆحم ئێشکچی دەوری باڵاتە).

٦٤- یەسنا هاتی ٢٩ بەندەکانی ٢و٣و٤ بەتایبەتی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە بنەمای ئایینی زەردەشت لەسەر ئەقڵانییەت و شعوور و دەرک پێکردن و ناسین دامەزراوە نەک بڕوا هێنان و تەسلیم بوونێکی دۆگم و کوێرکوێرانە کە (هەرچی خوا ویستی هەر هەمان دەبێت و مەشییەتی ئیلاهی و فەزاوقەدەر بەدەستی مرۆڤ نییە و ناگۆڕدرێت و...) بەڵکو لە ئایینی پیرۆزی ئەشوو زەردەشتدا هەموو شتێک دەبێ بەهاوکاری و هاوفکری و یاریدەی دوو لایەنەی بیروهۆش و بڕست و توانا بکرێت و مرۆڤیش هاوکارێکی سەربەست و بەختیاری یەزدانە نەک هەر تەنیا (عەبد و بەندەیەکی زەبوون و زەلیل و...!

٦٥- لە ئاڤێستادا ڤەهوومەنەن یا (ڤەهوومەنەنگە)ی پێ دەگوترێت بەواتای سرشتی چاک و ئەندێشەی ڕووناک، هەندێ جاریش وەک (ڤەهیشتەمەنە) هاتووە بەواتای باشترین سرشت یا چاکترین ئەندێشە. لە پالەویدا (وەهمەن) و لە فارسیی ئەمڕۆدا بۆتە بەهمەن، یەکێکە لە ئەمشاسپەندەکان و نیشانەکانی ئەهوورە مەزدا و هەرواش یازدەهەمین مانگی ساڵە واتە دووهەمین مانگی وەرزی زستان.

٦٦- سپیتمان / سپیتام ناوی بنەماڵەی زەردەشتە و لە گاتەکاندا حەوت جار لە جێی ناوی زەردەشت هاتووە و زۆر جاریش وەک سپیتمان زەردەشت یا زەردەشت سپیتمان دێت بەواتای نژادی سپی و هەرواش بەواتای سرشت و کەسێتیی چاک و ڕووناک.

٦٧- مەگە بەواتای لێژنەی پیاوە ئایینییەکانی زەردەشتی هاتووە و هەندێ کەسی تریش لایان وایە کە لە (موغ)ەوە وەرگیراوە یانخود (مەگە) هەمان (موغ)ە کە دەبێتە پێشەوای ئایینی لە ئایینی ئەشوو زەردەشتدا.

٦٨- (هات)ی ٣٠ لە یەسنا لە ڕاستیدا دەبێ وەکو شافەسڵی گاتەکان یانخود وەک (د. محەمەدی موقەدەم) دەڵێت: دەبێ وەک بناغە و بنەمای ئایینی زەردەشت سەیر بکرێت، چونکە هەم دوو خاڵی سەرەکیی (چاکە) و (خراپە) شی دەکاتەوە و بەمرۆڤیان دەناسێنێت و هەم باس لە سەربەستیی مرۆڤ دەکات بۆ هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیان و بیر و بڕوای خۆی و مەسەلەی (جەبر) و (تەسلیم) بەلاوە دەنێت و ڕەدی دەکاتەوە و دەڵێ هەموو کەسێک سەربەست و ئازادە لە هەڵبژاردنی ژیان و بیروڕاو دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا و ڕێگاکەش پیشان دەدات و ئیدی هیچ زۆر لێکردن و سەرکوت و ترساندن و هەڕەشەیەک لە ئارادا نییە، ئەوەی هەیە

ئەشق و ئەقڵ و ئاوەز و مەنتق و هەڵسەنگاندنە و هیچی تر. دیارە (جاڕی مافی مرۆڤی کورش کەبیر)یش کە بناغەییترین تێکستی یاسای مرۆڤایەتییە لە جیهاندا و ئەمڕۆ دیوارەکانی تەلاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێ ڕازاوەتەوە، هەر لە هاتی ٣٠ و لە ئەدەبیاتی هەرە ئینسانی و پێشکەوتوو و ڕاستەقینەی زەردەشت سەرچاوەی گرتووە.

٦٩- دوو گەوهەری هەمزاد یانخود دوو ئەسڵی دووانە (جمک) بریتین لە: (سپەنتا مینۆ) و (ئەنگەرە مینۆ) واتە هێزی چاکە و هێزی خراپە کە بوونەتە دوو ئیزەدی دژ بەیەک و تا هەتایە هەرواش دەبن تاکو لە کۆتایی جیهاندا چاکە سەردەکەوێت و خراپە لە ڕیشە دەکنرێت. بەپێی ئەدەبیاتی ئاڤێستا پێش بەدیهاتنی ئەم دوو دیاردە دژ بەیەکە، جیهان هیچ جۆرە جموجوولێکی تێدا نەبووە، بەڵام کاتێ ئەوان هاتنەدی (پێکەوەو لە یەک ئان و ساتدا بەدی هاتن، هەر بۆیەش پێیان دەگوترێ جمک/ دوانە/ هەمزاد)، ژیان و مەرگیش بەدی هاتن کە مەبەست لە ژیان هەمان چاکەیە و مەرگیش هەمان خراپە. هەبوونی ئەم دوو گەوهەرە دوانەیە بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ کەس بەهەڵەدا بچن و بڵێن کە گوایە ئایینی زەردەشت ئایینێکی دوو خواییە! واتە ئەوان ئەهوورا مەزدا بەهەمان سپەنتا مینۆ واتە خوای چاکە و ئەنگەرە مینۆیش بەخوای خراپە ناو دەبەن! کەچی دەبێ بڵێم ئەو بۆچوونە زۆر هەڵەیە و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو دوو ئەسڵە وەک دوو هێزی دژ بەیەک پێوەندییان بەهزر و بیر و کردار و گفتاری خودی مرۆڤەوە هەیە و بەس، سەرەڕای ئەوەش ئاڤێستا بەئاشکرا پێمان دەڵێ کە (درۆ و خراپە و تاریکی) لە بنەڕەتدا بوونیان نەبووە و نییە، بەڵکو ئەوە ئاکامی نەبوون و نەمانی چاکەیە کە هەست بەخراپە دەکرێت و نەبوونی ڕاستییە کە درۆ دێتە ئاراوە و نەمانی ڕووناکییە کە تاریکی بەدی دەکرێت.

٧٠- پادافرە یانخود پاد ئەفرە لەو پالەویدا (پاتە فراس)ە و بەواتای سزا و جەزای کاری خراپ دێت (سزادان).

٧١- ئەیدون لە ئاڤێستادا (ئەت) و لە پالەویدا (ئەتوون)ە و بەواتای (ئاوەها / ئامین) دێت. ئەیدوون بێت واتە ئاوەها بێت. ئەم وشەیە لە عەرەبیدا بۆتە (ئامین) کە پاش هەر نزا و پاڕانەوەیەک دێت، لە ئاڤێستاشدا پاش هەر نزایەک دەڵێت «ئەت جەمیاد یەسە ئافرینامی» واتە ئاوەها بێت کە من دەخوازم.

٧٢- ئەم کۆپلەیەش جوانتر ئاشکرای دەکات کە زەردەشت پەیامەکەی خۆی بەجەماوەر ڕادەگەیەنێت و دەڵێت بەئاوەز و ئەقڵ و ئەندێشەوە بیری لێ بکەنەوە، ئینجا گەر پێتان باش بوو وەری بگرن، لە ئایینی زەردەشتدا بڕواهێنان و پەسەندکردن و هەڵبژاردن دەبێ بەویست و خواست و ئاگایی و دڵخوازی بێت، ئەویش لە ڕووی زانیاری و بیرکردنەوە و ناسینەوە نەک لەترسی زۆر و سەر بڕین و تیغی تیژی شمشێر یا بەهەڕەشە و ترساندن لە سووتاندن! سەربەستی ئەسڵێکی پیرۆز و ئینسانییە کە هەموو مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات و لە پێناویدا خوێنی خۆی دەبەخشێت، بۆیە زەردەشت ئەو مافە ڕەوایە و ئەو ئەسڵە پیرۆز و بنەڕەتییە بەزۆری شمشێر و... پێشێل ناکات، بەڵکو دەیپارێزێت و ڕێزی لێ دەگری تەنانەت بۆ هەڵبژاردن و پەسەندکردنی پەیام و ئایینە ئاسمانی و ئینسانییەکەی خۆیشی.

٧٣- دەئێڤە - دێو - مەبەست هەمان جانەوەری ئەفسانەیی نییە، بەڵکو لە سەردەمی پێش زەردەشتدا ببوویە ناوی خودا ئارياييیەکان لە نێوان خەڵکی ئێران و هینددا، هێشتاش لە ئایینی هیندیدا هەر وشەی سانسکریتی دێڤ بەمەعنای خودا و پەروەردگار دێت، بەڵام زەردەشت هات و ئەو تەعبیرەی سڕییەوە و خوداوەندە زۆرەکانی (سیستەمی چەند خودایی) نەفی کردەوە و تایبەتی دا بەدەسەڵاتدارە درۆپەرست و ستەمکارەکان. ئەم وشەیە لە زۆر شوێنیشدا بەواتای درۆ هاتووە.

٧٤- پێشینان لایان وابوو جیهان حەوت(وڵات / بووم/ هەرێم)ە و ئێرانیش بەحەوتەمین هەرێم دەژمێردرا. ناوی حەوت وڵاتەکە بریتییە لە (ئەرزە، سەوە، فرزەفشە، ڤیدزەفشە، ڤەرڤەیەرشەت، ڤەرڤەزەرسەت، خونیرەس بامی) وڵاتی خونیرەس، بامییش بریتی بوو لە حەوت هەرێمی وەک (تازەکان، ئێران، مازیندەران، ڕووم، تووران، چینستان و هیند). کە وابوو حەوت وڵات واتای هەموو جیهانی دەگەیاند.



٧٥- ڤیڤەنگەهان / ڤەیڤەنگەهان یانخود ڤیڤەنگهەوەت ناوی باوکی (جەمشید)ە و یەکێکە لە ناودارانی مێژووی هیند و ئاریایی کە دەڵێن یەکەم کەس بوو شیرەی (هەوم)ی دۆزییەوە و خاسیەتەکانی ناسی و خواردییەوە کە بووە هۆی ئەوەی کوڕێکی نەمر و ناوداری هەتاهەتایی وەکو جەمشیدی ببێت.

٧٦- (جەم/ جەمشید) لە ئاڤێستادا (یەمە)، لە پالەویدا (یەمەک/ جەمەک) و لە سانسکریتدا (یەمە) کوڕی ڤەیڤەنگەهان پاشای مەزنی پیشدادی و جێنشینی (تەهموورس)ە. ئاسن و هەندێ کەرەستەی پێشکەوتووی شەڕ بۆ سەردەمی خۆی، ئەو دای هێنا و دروستی کرد و هەرواش جەژنی نەورۆزی داهێنا، بۆیەش دەڵێن (نەورۆزی جەمشیدی). ئەفسانەکان دەڵێن جەمشید ٦٥٠ ساڵ پاشایەتیی کرد کە لە ٣٠٠ ساڵی سەرەتایدا مەرگ و نەخۆشی لە ناو مرۆڤدا نەبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی کە جەمشید پاشایەکی دادگەر و جوامێر بوو، بەڵام دواتر خۆی لێی گۆڕا و گومڕا بوو، هەستی بەخۆ زلبینی کرد و گوتی «من خودام» بەو هۆیەوەش وڵات پڕ بوو لە ستەم و خراپە و مەرگ و نەخۆشی. دواتر جەمشید هەڵات و ١٠٠ ساڵ ئاوارە بوو تا ئەوەی کە زوحاک لە نزیک دەریای چیندا دۆزییەوە و لە ناو قەدی دارێکدا بەمشارێک کردیە دوو لەتەوە، هەر ئەوەشە کە ئاڤێستا هەندێ جار بەتاوانبار ناوی دەبات. لە ئەفسانە (سامی)یەکانیشدا جەمشید و سلێمان هەر بەیەک کەس زانراون ئەویش بەهۆی هەندێ تایبەتمەندیی هاوبەشیانەوە وەک زاڵبوونیان بەسەر دێو و درنج و زانینی زمانی گیانداران و ڕۆیشتن بەئاسماندا و... تاد.

٧٧- لە ئایینی زەردەشتدا خۆر (هڤەرە) سەرچاوەی گەرما و ڕووناکییە و زەویش ژینگە و پەناگەی مرۆڤە، هەر بۆیە ڕێزیان لێ دەگیرێت بەتایبەتی لە خۆر وەک ڕووناککەرەوە و وزە بەخش و سەرچاوەی ڕاستی و پاک و خاوێنی، نەک بەو چەشنەی هەندێ ناشارەزا بەخۆر پەرستی تەعبیری دەکەنەوە و ڕاستییەکان یا بەئەنقەست و بۆ چەواشەگەری یانخود لە ڕووی نەزانییەوە ئاوەژوو دەکەن. زۆربەی لێکۆڵەران لەسەر ئەو ڕایەن کە لەم بەشە و بەشەکانی دواتریشدا زەردەشت بەگژی ئایینی میهر پەرستی (میترائیسم)دا چۆتەوە کە پێڕەوەکانی (گا)یان لە شوێنێکی تاریکدا سەر دەبڕی و قوربانیی خوێناوییان پێشکەشی خوداکان دەکرد و خۆیان لە ڕووناکی و تیشکی هەتاو دەشاردەوە. بەهەر حاڵ خۆر لە فەلسەفەی زەردەشتدا تەنیا وەک سیمبولی پاکی و خاوێنی و بێ گەردی و ڕووناکی ڕێزی لێ دەگیرێت، نەک وەکو پەرستش و...

٧٨- گرەهمە و کەرپەن و کەوی و ئوسیج هەریەکە ناوی هۆزێکی دوژمنن کە پێشەوای دێو یەسنا واتە درۆپەرستی و دوژمنی مەزدیەسنا و ئایینی زەردەشت و دژی کردار و زمان و ئەندێشەی چاکبوونە.

٧٩- تەعبیری - دوورکەرەوەی مەرگ - یانخود - ژیان و هێز و توانا بەخش - بۆ هەوم بەکار دێت کە لە ئاڤێستادا (هەئومە)یە. ئەویش ناوی گیایەکی پیرۆزە کە دەگوشرێت و شەربەتێکی تایبەتی ئایینیی لێ دروست دەکرێ کە لە ڕەسم و یاسای تایبەتدا دەخورێتەوە. ئەم گیایە تایبەتمەندیی پزیشکیی هەیە و ئەمڕۆش ئاوەکەی بەکوڵاوی دەخۆنەوە. هەوم بەسەروەر و سوڵتانی هەموو گژ و گیا و ڕووەک ناسراوە و لە بەشەکانی دوای - گاتا-کان لە ئاڤێستادا ڕێز و جێ و بایەخی تایبەتی هەیە.

٨٠- یەکەم، سرووش (سرەئوشە) واتە بیستن و گوێڕایەڵی و فرمان بردن بەتایبەتی بۆ ئەمر و فرمانی ئیزەدی و کەلامی یەزدانی،

دووەم، سرووش ناوی یەکێک لە گەورە ئیزەدەکانی ئایینی مەزدیەسنایە و دەڵێن لە ڕۆژی پەسڵاندا دەوری هەیە لە داوەری و هەڵسەنگاندنی کردەوەی ئەرواحدا و لە جیهانیشدا سیمبولی گوێڕایەڵی و دروستکاری و ڕاستگۆییە،

سێیەم، سرووش ناوی حەڤدەهەمین ڕۆژی هەموو مانگێکە کە ڕۆژێکی پیرۆزە و جێی ڕێز و حورمەتی تایبەتییە،

چوارەم، ئەگەر سرووش و ئەرکەکانی ڕۆژی پەسڵانی لەگەڵ (شەفاعەتی پێغەمبەر و... لە ئیسلامدا) پێکەوە بەراورد بکەین زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و...!

٨١- کۆپلەی چواردە، (دوایین کۆپلەی هاتی ٣٠ی یەسنا) کە باسی خۆبەخشینی ئەشوو زەردەشت دەکات لە

شیعرێکی (نیچە)دا بەجوانی ڕەنگی داوەتەوە بەناوونیشانی - هەژاریی ئەو دەوڵەمەندە - کە دانەری ئەم بەرهەمە ئەویشی وێڕای سەرجەم شیعرەکانی نیچە بەناوونیشانی - ئێستا لە نێوان دوو هیچدا- وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە پەراوێزی شیعرەکەشدا ڕەنگدانەوەی ئەم کۆپلەیەی گاتانم هێناوەتەوە و ئاماژەم پێ کردووە. گەر بەوردی لە شیعرەکە ڕامێنین بۆمان دەردەکەوێت کە وێڕای کاریگەریی ئەو کۆپلەیە لە سەری، خودی شیعرەکە سەرجەم ئاوێنەیەکی سافی فەلسەفەی هەرە قووڵی زەردەشتە و من پێم وایە کە هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم فەیلەسووفە ناودارەی ئەڵمان بەرهەمێکی مەزنی وەک - ئاوای گوت زەردەشت - و چەندین شیعری نایاب و پڕ واتا لەو بوارەدا بخولقێنێت.

٨٢- (ئاتەر، ئاتەرەم، ئاتەرش) واتە ئاگر، ئاهێر، ئایێر. (ئازەر)یش هەر لەم وشەیە گیراوە و بۆتە ناوی ئیزەدی پاسەوانی ئاگر. نۆیەمین ڕۆژ و مانگی زەردەشتی ئەم ناوەی لێ نراوە بەواتای نوور و ڕووناکی، (ئادریان)یش واتە پەرستگەی زەردەشتی هەر لەم ناوە وەرگیراوە و واتای شوێنی ئاگر (ئاتەشگە) دەگەیەنێت.

٨٣- یەکەم، خڤەرەتات / هەئورڤەتاتە کە دواتر گۆڕدراوە بە(خورداد) ناوی شەشەمین ڕۆژی هەموو مانگەکان و سێیەمین مانگی ساڵیشە و یەکێکیشە لە ئەمشاسپەندان (ئیزەد)ەکان و نوێنەری پێگەیشتوویی و کەماڵی ئەهوورە مەزدایە. (هەئوور) واتە کامڵ، هەموو، تەواو. (داد/دات)یش واتە قانوون، یاسا، عەدل و داد.

دووەم، ئەمەرەتاتس/ ئەمێرەتات ناوی حەوتەمین ڕۆژی مانگەکان و پێنجەمین مانگی ساڵیشە و واتای نەمری و جاویدانی دەدات، کورتکراوەکەی (ئەمورداد)ە و ئەمیش یەکێکە لە ئیزەدەکانی زەردەشتی کە پاسەوانی ئاوی پێ سپێردراوە، ئەم ناوە واتە ئەمەرەتات لە ئاڤێستادا هەمیشە لەگەڵ ناوی خورداد دا دێت کە بەهەردووکیانەوە واتای کامڵبوون و نەمری و ژیانی هەتایی دەگەیەنن.

٨٤- سوشیانت یا سوشیانس واتە ڕزگاریدەر، زۆر جاریش بەواتای پێشەوای ئایینی دێت. لە ئایینی زەردەشتدا چەند پێشەوایەک هەنە کە دواتر سەرهەڵدەدەن بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ کە پێیان دەڵێن سوشیانس، لە بڕگەکانی ١٢٨و١٢٩ی (فەروەردین یەشت)دا ناوی هەموو ئەو (سوشیانت)انە هاتووە و ئێمەش لە جێی خۆیدا باسیان دەکەین.

٨٥- ڕەد، لە ئاڤێستادا (ڕەتوو) و لە پالەویدا (ڕەت) نووسراوە بەواتای دلێر، زانا، سەروەر، پێشەوای ئایینی. کاتێ لە ئاڤێستادا دەڵێین (ڕەدان) مەبەست لە هەموو ئەو کەسانەیە کە خاوەن بەهرەن لە زانست و دلێری و جوامێریدا و دۆست و پشتیوانی ئایینی زەردەشت و ئەهوورە مەزدان.

٨٦- ئەم بڕگەیە یەکێکە لە سەختترین و ڕەمزاویترین بەشی هەموو (گاتا)کان و بۆتە هۆی دەربڕینی دەیان بۆچوونی ئاڵۆز و دژبەیەک لەلایەن ئاڤێستاناسەکان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چونکە ئەو دەستەواژەیەی کە ئێمە بە(١٠ بڕست) تەعبیرمان کردووە، لە وەرگێڕانی وشە بەوشەی دەقە ئاڤێستاییەکە لەلای ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە بۆتە ١٠ ماین و ئەسپ و حوشترێک! کەچی زۆر توێژەری دیکەی وەک (کانگا) و (تاراپوروالا) و (دوستخوا) و...یش پێیان وایە کە ناوی ئەو گیانلەبەرانەی لەم بڕگەیەدا هاتووە ڕەمزی و سیمبولینە بەم چەشنە- ١٠ ماین واتە دە هەستی سەرکەش و ئاڵۆز و فریودەر لە ناخی مرۆڤدا و دە ئەسپ واتە ئەقڵ و ئەندێشەی مرۆڤ کەبە سەر ئەو دە هەستە سەرکەشەدا سەردەکەوێت و ڕێبەرایەتیان دەکات بەرەو چاکە و حوشتریش دوایین قۆناغی ئەو گێرە و کێشەیەیە و گەیشتنە بەنووری ئیزەدی و ڕووناکایی ئەبەدی، منیش بەسەرنجدانە ئەو ڕاستییەی کە وشەکە لە بنەڕەتدا نەک بە(ئوشت) بەواتای حوشتر، بەڵکو (ئووش) بەواتای نوور و ڕووناکی هاتووە، پێڕەوی (کانگا و تاراپوروالا و دوستخوا)م کرد و دەستەواژەی (دە بڕست)م هەڵبژارد بەمەعنای دە هێز و دە قۆناغی توانا.

٨٧- ئوسیخش لە (ڕیگ ڤیدا)دا (ئوسیج)ە کە وەکو ناوی (کەرپەن و کەوی)یەکان دراوەتە پاڵی سەرکردەکانی دێو یەسنا واتە درۆ پەرستان و بەگشتیش نازناوێکە بۆ لایەنی دژی زەردەشت و ئەهوورە مەزدا.

٨٨- وشەی گەنا / جەنا (Gana) واتە ژن (ژەنی) لە هەورامیدا، لە سانسکریتدا (جەن) دەنووسرێت بەواتای



زایین (بە دنیا هێنان)، لە ڕیگ ڤیداشدا (جنە) هاتووە هەر بەواتای ژن و وشەی (Gune)ی یۆنانیش هەر بەهەمان واتایە کە هەموویان زۆر لێک نزیکن و دەتوانین بڵێین لە یەک بنەماڵەن.

٨٩- (چینوەتو پەرەتووم) واتە پردی چینوەت کە دواتر لە ئیسلامدا گۆڕدراوە بەپردی سیرات. هەروەها ناوەڕۆکەکەیشی گۆڕدراوە، چونکە لە ئاڤێستادا کاتێ دەڵێ پردی جینوەت مەبەستی (گوزەرگەی داوەری) یە و بەو شێوە توند و تیژ و ترسێنەرەش نییە کە لەمەڕ پردی سیرات بیستوومانە.

٩٠- فریانە یەکێکە لە ئەمیرەکانی تووران زەمین کە ئایینی زەردەشتی پەسەند کرد و داوای لە خزم و کەسوکارەکەی کرد کە ئەوانیش ڕوو لەو ئایینە بکەن. فریانە یەکێکە لەو تورانیانەی کەلە ئاڤێستادا ڕێزی لێ گیراوە و ئەو نازناوەی پێ بەخشراوە واتە (فری) کە بەواتای دۆستایەتی و خۆشحاڵکردن دێت، ئەویش چونکە ئەو توورانییانەی کە ئایینی زەردەشتیان قبووڵ دەکرد دەگمەن بوون و توورانییەکان زۆربەیان دوژمنی ئێرانییەکان بوون و ناوی ئەفراسیاب و ئەرجاسب لەم بوارەدا زۆر بیستراوە و پیشاندەری ئەو دوژمنایەتییەیە لەگەڵ ئێرانییەکان و ئایینەکەیان کە هەمان ئایینی زەردەشت بووە. شەڕ و ناکۆکیی نێوان ئێرانی و توورانییەکان لە ئاڤێستادا وەک شەڕی نێوان مەزدا و دێو یا ڕاستی و درۆ ناسراوە و ئاڤێستا بڕواهێنانی فریانە دەکاتە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی پیشان بدات کە مرۆڤ دەتوانێت بیر بکاتەوە و ئاستەنگێکی وەکو دێوی درۆ وەلانێت و بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێم وایە وا باشترە ئەو بڕواهێنانەی فریانە وەکو بارێکی فەلسەفی سەیر بکرێت و زۆرتر و وردتر بخرێتە بەر سەرنجەوە.

٩١- هیچدەسپ لە ئاڤێستادا (هەئەجەت ئەسپا)یە بەواتای خاوەنی ئەسپی زۆر. هیچدەسپ پێنجەمین نەفەرە لە پشتی سپیتمان (ئسپەنتمان) و دەبێتە باپیرە گەورەی زەردەشت. شەجەرەی ئەشو زەردەشت لە بوندەهێشدا بەم شێوەیە نووسراوە- زەردەشت کوڕی پورووەشەسپ کوڕی پیتەرەسپ کوڕی ئەرودەسپ کوڕی هیچدەسپ کوڕی شەخشەئوش کوڕی پیتەرەسپ کوڕی هەردەئەرەشنە کوڕی هەریدار کوڕی سپیتمان.

٩٢- پێشتر باسی فەرشوشتەرمان کرد بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٦٢، ئێستاش دەڵێم کە هڤەگڤە (Hvagva) ناوی باوک و بنەماڵەی فەرشوشتەرە کە پێکهاتووە لە دووبەش- (هڤو) بەواتای چاک و (گڤو) بەواتای گاو (مانگا) و مەبەستیش لە وشەکە بەتەواوی (خاوەنی مانگای چاک)ە ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە گاو، گەو، گەئو، لە ئاڤێستادا بەواتای ژیان، پیرۆز، جیهان دێت و... ئەم وشەیە واتە هڤوگڤە لە پالەویدا (هەبووب) دەنووسرێت و ئەوەش بڵێم کە (هەڤوبێ) ناوی خێزانی زەردەشت هەر لەم ناوە وەرگیراوە، ئەم ناوە لە ریگ ڤیدادا (سووگو)یە کە هەر هەمان واتا دەبەخشێت.

٩٣- (Bendva) ناوی یەک لە دوژمنە سەرسەختەکانی زەردەشت و یەکێک بووە لە ڕێبەرانی دێو یەسنان کە هەمیشە خەریکی فیتنە نانەوە و فریودان و لەخشتەبردنی خەڵک بووە بۆ لادانیان لە ڕێی ڕاست و دەست بەخراپە کردن. هەندێک لە زانایان پێیان وایە کە بێندڤە ناوی کەسێک نەبووە، بەڵکو وشەیەکە کە لە سانسکریت وەرگیراوە واتە (بیندو) بەواتای خراپەکار و نالەبار کە ئەویش لە ڕیشەی (بهید) گیراوە بەواتای شکێنەر. پێویستە بڵێم کە ئەم وشەیە هەر تەنیا لەم بڕگەیە و بڕگەی دووەمی ئەم هاتەدا هاتووە و لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئاڤێستادا ئاماژەی پێ نەکراوە.

٩٤- دەجاماسپو، واتە جاماسبی زانا و حەکیم. بەشی یەکەمی ئەم وشەیە نازناوی جاماسپە کە بەواتای زانا دێت. جاماسپ لە بنەماڵەی هڤوگڤە و برای فەرشووشتەرە کە دواتر بوو بەزاوای زەردەشت (هاوسەری پوورڤەچیست). جاماسب پیاوێکی زانا و حەکیم بووە و لە کتێبی (جاماسب نامە) و (گشتاسب نامەی دەقیقی) و (یادگاری زەریران)دا باسی حیکمەت و زانایی و پێشگۆیییەکانی کراون. ئەوەندە پیاوچاک و نزیکی زەردەشت بووە کە پاش زەردەشت وەک جێگر و ڕێبەری موغەکان هەڵبژێردراوە.

٩٥- مەئیدیۆ ماڤەنگهە (میدیۆ مانگ) لە بنەماڵەی سپیتمان و کوڕی (ئاراست)ی برای (پوورڤەشەسپ) و ئامۆزای زەردەشت بووە، بۆ ئەمیش هەردەڵێن یەکەم کەس بووە کە بڕوای بەزەردەشت هێناوە و تا کاتی بڕوا

هێنانی گشتاسپ ئەو تەنیا شوێنکەوتووی زەردەشت بووە. زەردەشت لە زۆر جێگای ئاڤێستادا بەرێزەوە و پاش ناوی گشتاسپ و فەرشووشتەر و جاماسب ناوی دێنێت.

٩٦- ئەمێشە سپەنتە (ئەمشاسپەند) لە دوو بەش پێکهاتووە: (ئەمێشە/ ئەمشا) بەواتای نەمری و زیندوویێتی هەتا هەتایی و (سپەنتە/ سپەند/ سپەنت) واتە پاک و پیرۆز. وشەکە بەگشتی واتای (پیرۆزی نەمر) دەدات، ئەمشاسپەندان کۆی (ئەمشاسپەند)ە، ئەوانیش هەرکام بەشێکن لە سیفاتی پاکی ئەهوورە مەزدا. لە ئایینی زەردەشتدا (٦) ئەمشاسپەند یا (موقەڕبی دەرگا)ی ئاهوورا مەزدا هەنە کە بریتین لە:

١- بەهمەن (ڤەهوومەن) واتە سرشتی چاک،

٢- ئەشەڤەهیشتە واتە باشترین ڕاستی،

٣- خەشترە ڤەئیریە واتە شار و دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئارەزوو کراو،

٤- سپەنتا ئارمەیتی (سپەندارمەز) واتە ئەندێشەی ڕاست و دروست و پیرۆز،

٥- هەئورڤەتاتە (خورداد) واتە پێگەیشتن و کامڵبوون،

٦- ئەمێرەتاتە (ئەمورداد) واتە نەمری و زیندوویێتی هەتا هەتایێ. دەبینین کە ئەشوو زەردەشت سەرەڕای داواکاری لە مەزدا ئەهووە، لەوانیش (ئەمشاسپەندان) داوای یارمەتی و هاوکاری و هاوبیری دەکات.

٩٧- پوور ڤەچیست بچووکترین کچی زەردەشتە. زەردەشت سێ کچی هەبوون بەناوەکانی: (فرەن)، (تەریتە) و (پووروەچیست) کە ئەمەی دوایی بچووکترین یانخود دوایین کچی زەردەشتە کە بۆتە هاوسەری (جاماسپ)ی زانا. ئەم ناوە لە (چیستا) ئیزەدی زانست و مەعریفە وەرگیراوە و واتای (زۆر زانا) دەدات. دەبینین کە چۆن پێغەمبەری ڕاستی و ڕووناکی وەکو دۆستێک قسە لەگەڵ کچەکەی دەکات و پێی دەڵێ ڕاوێژی ئەقڵی خۆت بکەو چاو و گوێ بکەرەوە و بەزانیاری و ئاوەزەوە ژیانی هاوسەریت پێک بهێنە.

٩٨- (دریگە ئووڤە) واتە دەروێش کە لێرەدا مەبەست لەو مرۆڤە چاک و داوێن پاکانەیە کە لە بواری مادیدا هەژار و دەستکورتن، بەڵام لە بواری ڕۆحی و مەعنەویدا گەلێ دەوڵەمەند و بەڕێز و جوامێرن و ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ خزمەتی ڕێبازی مرۆڤایەتی و ڕاستی و ڕووناکی و بەختەوەریی ژیانی مرۆڤ و ئاوەدانیی جیهان.

*- پێویستە بڵێم کە ئەم لیستەیەم بەکەڵک وەرگرتن لە ڕۆژمێرە تایبەتییەکانی ئەنجوومەنی زەردەشتییانی تاران ئامادە کردووە، ئەویش هیی ساڵانی تا پێش ١٩٩٧، دیارە من لەو کاتەوە تا ئێستا لە ئێران و لە ئەنجومەنیش دابڕاوم، جا بۆیە ئەگەر هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە ژمارە تەلیفۆن یانخود لە ناوونیشانێکدا کرابێت و من ئاگام لێ نەبێت داوای لێبوردن لە خوێنەری بەڕێز دەکەم. (ج .ع).



**ئەمەگناسی هۆی گەشەی ئەشاو ئارمەیتییە:**

لە کۆتایی بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمەدا بەئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم کە لەناخی دڵمەوە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەم خۆشەویستانە بکەم کە هەر کام بەجۆرێک جێ پەنجەیان لە بەئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزەدا دیار و بەرجەستەیە:

- برای زۆر هێژا و خۆشەویستم کاک دیاری حسێن بەگ (جێگری لقی ١٢ی پ.د.ک) کە بەوپەڕی خۆشەویستی و جوامێرییەوە داڵدەی دام و هەوڵەکەمی گەیاندە ئەنجام.
- جگەر گۆشەکەم، ئەدهەم عەباسی (تایپیستی بەرهەمەکانم) کە جێی پەنجە ناسکۆڵەکانی لە پیت بەپیتی ئەم بەرهەمە و سەرجەم بەرهەمەکانی دیکەمدا دیارە.
- برایانی دەزگای ئاراس.
- دیکەی خۆشەویستانم: هەڤاڵانی بەڕێزی ناوچەی هەورامان (پ.د.ک)، کاک حەکیم مەلا ساڵح، ئەندازیار محەمەدئەمین هەورامانی، کاک شادمان دەرگەڵەیی، مامۆستا خاتوو سۆلاڤ ئەحمەد (ئاکرەیی). هیوادارم هەر کامەران و بەختەوەربن و لە سایەی ئەشا و خۆشەویستی ئەهوورادا سەربەرز بژین و نموونەشیان زۆر و زۆرتر بێت.

جەلیل عەباسی (ج. قەقنەس)

***

**بەرهەمەکانی نووسەر:**

جگە لەم بەرهەمەی بەردەستت کە پرۆژەیەکی شەش بەرگییە، چەندین بەرهەمی دیکەی ئامادەی چاپن و لەوانە:

- ئێستا لە نێوان دوو -هیچ-دا (کۆمەڵە شیعری نیچە).
- نامەیەک بۆ باوکم (فرانتس کافکا)
- ئاهوورامان (بەرگی یەکەمی ڕوانگە، پرۆژەیەکی ٦ بەرگی)
- هەورامان و هونەر (بەرگی یەکەم، پرۆژەیەکی ٣ بەرگی).
- گەمژە (گوڵبژێری چیرۆکی ئەنتوۆنی چیخۆف).
- شارەزا (گوڵبژێری چیرۆکی ئەزیز نیسین).
- شیعرستان (هەڵبژاردەی شیعری ئەمڕۆی جیهان).
- یەلدای شووم (کۆ شیعر).
- زمانی بڕنەو (کۆ چیرۆک).
- دیوانی کۆچ (دووەمین کۆ شیعر).
- دوایین ژێردەستە (کێشەی کوردستانی باکوور لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ).
- جافی جوانڕۆ (وەرگێڕانی دەقێکی دەسنووس).
- ڕوانگە (بەرگی دووەم)

***